# من و خۆم

# ناسنامەی کتێب


❁ **ناوی کتێب:** من و خۆم

❁ **بابەت:** ئەدەبی

❁ **نووسینی:** خوسرەو جاف

❁ **نەخشەسازی ناوەوە:** موحەمەد حوسێن خەتی

❁ **بەرگ:**

❁ **چاپ:** یەکەم - ٢٠٢٠

❁ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە




# مــن و خۆم

خوسرەوجاف

چاپی یەکەم

٢٠٢٠

# ناوەڕۆك

خۆم بەر قەرزاری کتاوخوێندنەوە دەزانم!

کتاوی ئاوارە

شیعر بۆ حەزرەتی حوسێن

حوسێن و فورات

من و کۆڕی زانیاری

نەمهێڵا "دارولئافاق" تاڵان بکرێت

هەڵگری تەمغەی سووری مەنع

ئەشێ و ئەفسانە!

کتاوخانەکەی باوکمیان تاڵان کرد

من و خۆم

لەعنەت

مۆم

دۆزەخی تێگەیشتن

سەرانە

فەنا

دێوانە

ئەشێ (١)

ئەشێ (٢)

ئەشێ (٣)

پرۆتستات

خوسرەو جاف

# گرنگیی خویندنەوە و کتاو بە لای "خوسرەو جاف"ـەوە

لێــرەو لەوێ زۆر پێشــهاتووە دەربــارەی کتــاو و گرنگیــی خویندنەوە، پرسیاریان لێکردووم، ئیدی وەڵامەکـانم پەرش و بڵاوبـوون و ترسـی ونبوونیـانم لـێ نیشـتبوو، بـۆیە کەوتـمە تەقەڵای کۆکردنەوەیــان و ســەرجەم پــێکەوە بڵاویــان بکەمەوە... ئیتر وا خێڵ بەرەو خـوارەوە، تـا بـێ نـازانە تیـا نەچن و سەرجەم ببنە موڵکی خەڵکی...

٢٠١٥/١٠/١
هەولێر
خوسرەو جاف

- مـن خـوێنەری هەمـوو جـۆرە کتـاوێکم، برێـک لەو کتـاوانە تووشی ئاڵۆزی و تورەبوونم دەکەن ، کەچـی زۆر ناخایەنێـت دەیـانبوورم و لە کتاوخانەکەمـدا لە جێگـای تایبەتمەنـدی خۆیاندا دایان دەنێم.
- خوێندنەوەی هەر کتاوێک یەک هەنگاو لە عەقڵ و بۆچـوونی خێڵەکیانەوە دوورم دەخاتەوە .
- ئەم قونـاغەی تیایـدا دەژیـن بەنـدە بە قۆنـاغێکی نەزۆکـی دادەنـێم، ڕۆمانێـک دەنووسـم رەنـگە هەر سـەد کەسـێک بیخوێنێتەوە، ڕۆح و ڕەوانم خـۆی هەڵگرتـووە بـۆ سـەردەمی ئاوسبوون و خوێندنەەی هەموو جێگیر.
- کـێ دەڵێـت مـن گۆشـەگیر و کـپ و تەنیـام، مـن لە کتاوخانەکەمدا هاودەمی هەزاران ئاشنام.
- بۆ من گرنـگ نیـیە کـابرا لە بەرهەمەکەم بـاش بنووسـێت یـا خود خراپ ، ئەوەم بەلاوە گرنگە کتاوەکەمی خوێندوەتەوە.
- کاتێک لە نووسینی ڕۆمانێـک یـا نووسـینێک دەبـمەوە ئەگەر خەڵکی پەی بەو لەزەت و شادییەی ببەن، کە مـن بـردوومە خەڵکەکە دەکۆشان ببن بە نووسەر.




- منی مرۆڤــ تەمەنم کورتە، بـۆیە دەخـوێنمەوە وە دەنووسـم، تا هەسـت بە جـوانەمەرگی نەکەم، لە دواییـدا رۆح و ڕەوانـم تەماشەکەری مەوجوودیەتی سەر زەویم بێت.
- کاتێــک لە کتاوخانەکەمــدا تــاک و تەنهــام ، سەرتاســەری نووسـەری کتاوەکـان لە کتاوەکـانەوە سـەریان وەدەر هێنـاوە دوو دڵم نازانم هاودەمی کامیان بم ؟
- ناتوانم چوار کیلۆ زێڕ هەڵگرم، بەڵام پەنجا کیلـۆ کتـاوم پـێ هەڵدەگیرێت.
- هات و وتی: خوسرەو جاف بۆ لە کتـاو و خوێنـدنەوە تێـرت نەخوارد ؟ وتم : منیش وەکو تـۆ تێرنەخـۆرم، تـۆ لە پـارە من لە کتاو !
- مـن بە دوای خۆمـدا وێڵــم ، کتــاو چاوســاغمە و ڕۆژێـک لە ڕۆژان دەمگەیەنێتە هەوارگە.
- ئەوانەی بێ خوێندنەوە و کتاون، لام وایە بـێ بەرمـاڵ و بـێ میحراون.
- ماڵێک پر بێت لە کتاو ، پرە لە خەڵک ، پرە لە بیروڕای بە کەڵک.
- بە لای منەوە بۆنی کتاو لە بۆنی باوەشی ئـافرەتێکی نـازدار خۆشترە.

- ئەم جیهــانە بەربــڵاوە پــان و پــۆڕە تەنهــا بە خوێنــدنەوە بچووک دەبێتەوە.
- خـۆزگە بمتوانیبا یەک لە سـەر چـواری خوێنـدنەوە وەرزشـم کردبا..
- ڕۆژ نیـــیە زامەکـــانم نەکـــولێنەوە، ئەوەی تیمـــارم دەکـــات خوێندنەوەیە و بەس.
- تەمەنم حەفتـاو دوو سـاڵە، حەفتـاو دوو کتـاوی جۆراوجـۆرم پێشکەشـــی کتاوخـــانەی کـــوردی کـــردووە، کەچـــی وێـــڵ و سەرگەردانم بە دوای کتاوێکی تازەیدا تا بیخوێنمەوە
- شاکامی و ئێرەیی بە خۆشـبەختی گەوج و گێلەکـان دەبەم ، ئەوەسا من لە بەدبەختـی و دۆزەخـی تێفکـرین و گـڕوگڵپەی خوێندنەوەدا دەسوتێم.
- سێ کتاو "تەورات ، ئینجیل ، قورئان" مێـژوو و ڕەوڕەوەی ژیانیان گۆڕی، کەواتە بەشەریەت هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە.
- مــن هەر ئەو گەنــجە یــاخی و خــۆ بە زلــزانەم، خوێنــدنەوە وایلێکردم خۆم بە مافووری ژێر پای مروڤـــ بزانم.
- لەم سەردەمەیدا زۆر نووسینم هەیە ، پارێزم کردووە و بڵاوم نەکردونەتەوە ، لە سەندوقێکی پۆڵاییندا پاراسـتومن، لەوەی دڵنیــام ڕۆژێــک لە پێشــە کلیــل بەدەســتێک ئەو ســندووقە دەکاتەوە..




- گرنگ نییە بە خۆشی یا ناخۆشی ژیانم بە سەر بردووە ئەوە گرنگە تا پێمکرا کتاوم خوێندەوە.
- لە بەزم و بەرنامەی دەرباری کتاوخانەکەمدا بەوەی شادمانم لەو بەزمەیدا ساقی و مەی گێڕم..
- خۆزگە هەزار ساڵ دەژیام تەنها لە بەر خوێندنەوە و نووسین.
- من لەوانەیە ئەگەر کتاوێک بخوێنمەوە و یەک وشەی لێ فێربم خۆم بە قەرزاری دەزانم، نووسەرەکەیم لە بیر ناچێتەوە.
- دەتوانم لە ئاشە مەکینە و هەراو بەزمدا بخوێنمەوە و بنووسم، بە مەرجێک یەک ناسیاوی تیادا نەبێت، ڕۆمانی (گەمال)م لە قاوەخانەیەکی شاری لەندەندا نووسیوە.
- ئەگەر دەتەوێ گۆڕانگاری لە خۆتا ئەنجام بدەیت دەست بە دامێنی خوێندنەوە بەو بەس..
- ئێمەی کورد ، هێشتا بە وردی ئاگاداری مێژووی رابوردوومان نین چونکە یەکجار کەم دەخوێنینەوە بۆیە ناتوانین بە وردی دەربارەی رابوردووی میلەتەکەمان بنووسین.
- بۆ نووسینی کتاوێک هەزار شەو نانووم، کەچی ئەو بۆ خەو دەی خوێنێتەوە !

- کاتێـک کتاوێـک دەخـوێنمەوە دەکۆشـم ژیـانی تـایبەتی نووسەرەکەشی بزانم.
- بڕێـک خـوێنەر نـاوی کتـاو و نووسـەرەکەی زۆر لە بەرە .. کەچی لە ناو کرۆکی کتاوەکان بێ خەبەرە.
- 
- کتاوخانە، سامانێکە لە بن نایەت ، ئەمڕۆ هی منە ، سبەی هـی تـۆیە ، بـۆیە خـۆم بە بەخشـەندە دەزانـم وە کتاوەکـانم دەبنە هی یەکێکی تر.
- خـۆزگە بە ئەنـدازەی ژمـارەی کتێبـی کتاوخـانەکەم هـاوڕێم هەبووایە .. هاوڕێی باش.
- ئەوانەی هۆگری سەرشۆڕی سەر کتاو بن، سـەر بـۆ زۆرداران دانانەوێنن.
- لەم ســـەردەمەیدا زۆربەی زۆری رۆژنـــامەو گۆڤارەکـــان پەروەردەی ئاوی گەنیون بۆیە بۆنیان دێت.
- لەم رۆژگـارەدا رەنـگە سـەدان رۆژنـامە و گۆڤـاری رۆژانەو هەفتانەومانگـــانە بڵاودەبـــنەوە، هەر مـــانشیتەکانیان بخوێنمەوە دەزانم دەهۆڵژەنی کام بەزمن..
- کتاو مامۆستایەکی سەلار و بێدەنگە..
- کتاو پردێکە بە سەر رووباری جەهالەتدا..




- کابرا هێشتا فێری کوردی نووسین نەبووە ، کەچی کتاو لە چاپ دەدات.
- برێک کتاو هەن کە دەیانخوێنمەوە لێم دەبن بە گورپنەتەڵە و دەستیان لە یەخەم ناکەنەوە پەیوەستە لەگەڵمدان.
- کە دەڕۆمە نێو کتاوخانەکەمەوە دەکەومە بیری ئەم ئایەتەوە :
- (اخلع نعليک انک بالواد المقدس.. ) پێ خاوس بە ، تۆ لە دۆڵێکی پیرۆزدای ، بۆیە بە رێزەوە دەجوڵێمەوە.
- وەک زانراوە ژمارەیەکی زۆر کتاوم هەیە، زۆر شت هەیە لە بیرم کردوون ، بەڵام دەزانم لە بیرم ماوە هەر دانەیەک لەو کتاوانە لە کوێدا کڕیومە و چۆنم بە دەست هێناون ئەشهەدو دزراوی تیادا نییە!
- بڕێکی زۆری لە بەرپرسانی ئەم دەورو زەمانە نە بە تەلیفۆن و نە بە دیتن بە دەست نایەن ، بویە بەندە کتاوە بێ نرخ و کەم بایەکانم دەخەمە خانە بەرزەکانەوە.
- کتاو وایلێکردم دەزانم وڵاتەکەم لە داهاتوودا چی بە سەر دێت و خۆمیش لە بەرزەخدا لە چ خانەیەکدام.
- زۆربەی زۆری نووسینی ئەم سەردەمە نە بۆ تێگەیشتنە و نە بۆ پێگەیشتنە ، دەهۆڵژەنییە و بەس.

- سەیرە زۆر کەس لە نووسەران سەماکەر و هەڵپەرکێکەری دەهۆڵی حیزبەکانن ، بەندە بە بێ دەهۆڵ ئەوەسا مەست و مەدهۆشی سەمای عاشقانەم، بڕۆ ( مەولانا و رازی نەی ) بخوێنەوە، چ سەمایەکم تیادا کردووە .
- ئەگەر ورد ببیتەوە گەرمیان خاوەنی گەلێ نووسەری هەڵکەوتوو بووە، کەچی ئەوڕۆکە نووسەرانی گەرمیان بێنازن و بوونەتە قوربانی شارچێتی.
- بەندە نە قەرزاری دەسەڵات و نە دەبدەبەی پاشاکانی باپیرمم ، نە دارایی بنەماڵە، ئەوەی پێی قەرزارم و تاڵچێژی کردم کتاوە و بەس .
- تا دەسەڵاتی کورد هەروا بەرامبەر رۆشنبیران بێ رێز و کەمتەرخەم بێت، دڵنیابن ئەم میللەتە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ناڕوات.
- برێکی زۆری نووسەرانی ئەم سەردەمە یا لە ترسا یا لە برسا ، بوونە بە دەهۆڵ ژەنی حیزبەکان مەڵی کابرا لە تێری دەدوێ ؟
- ئەگەر خوێندنەوە نەبوایە چیم کردبا ؟ خۆ وەک داعشێک خۆم دەتەقاندەوە.

- کتاو ئەوەی خوێنرێژ و دز و دەخەلی گەلان هەیە خستویەتە بەر چاو، دیارە زۆربەی زۆری بەرپرسانی کورد ناخوێننەوە یا بێباکن ، هەرکامیان بن قورِ بە سەر ئەم میللتە.
- خوێندنەوە فێری سەبر و تاموولی کردم، بۆیە لام وایە دەتوانم بە عەرەبانە کەروێشک بگرم.
- خوێنەری راستەقینە دەتوانێت لە ئافرەتی شۆخوشەنگ و پارەی زۆر تێر بێت، مەحاڵە بتوانێت لە خوێندنەوە تێر بێت.
- پێشمەرگە و نووسەر هەر دوو بەندەی پەرستگایەکی پیرۆزن.
- باو باپیرانی ئێمەی کورد میراتی رۆشنبیرییان زۆر بۆ بە جێ نەهیلاوین ، بەلام مانای ئەوە نییە دەستبەرداری بین و بە دەستی نەهێنین و میرات بۆ نەوەکانمان بە جێنەهێڵین.
- هەموومان هەر یەکەو بە ئەندازەیەک هاورێی دڵسۆزمان هەیە، هیچ لەو هاورِییانە ناگەنە دڵسۆزی کتاوخوێندنەوەیدا .
- برێک لە بەرپرسانی کورد لایان وایە دەست بۆ هەر چی ببن هەیانە ، ئیتر چ نیازی بە کتاو خوێندنەوەیە!
- تا کتاویک زۆرتر دەخوێنمەوە زۆرتر پەی بە مەزنیی پەروەردگار دەبەم.

- بەندە دوو کارگەی پیرۆزم هەیە، یەکەمیان کتاوخانەکەمە، جێگای زاخاوی عەقڵمە، دووهەمیان کارگەی پەیکەرسازی و کارەهونەریەکانمە، هەوارگەی زەرافەت و جوانییە...
- خوێندنەوە فێر و هۆگری غەمێکی هەمیشەیی و ڕێزداری کردووم.
- خوێندنەوە خستمیە ئەو باوەڕەوە "بەرزەخ" ژیانی دووبارەو جێگەی پاک و خاوێنکردنەوەی رووحە..
- بەندە تەنها ترسێکم لە مەرگ ئەوەیە، مەودام نەدات ئەو نووسینانەی نەمنووسیون بیانووسم..
- رۆژ نییە بە قسەی پڕوپووچ زامم نەکوڵێننەوە، بەتایبەت کەناڵە تەلەفزیونییەکان، بۆیە لە تاوا پەنا دەبەمەوە بیمارستانی کتاوخانەکەم .
- کاتێک زانکۆم تەواو کرد، روانیم ئەوسا هیچ نازانم بۆیە بوومە موریدی کتاو و کتاوخانە.
- هەر دیزایینێ تەلارسازییەکم کردبێت و ئەنجامم دابێت وەک وابێت کتاوێکی ٣٠٠ پەڕەییم نووسیبێت، هەر نەبێت خۆم وا دەزانم..
- لە وڵاتی ئێمەدا ئامێرە تازەباوەکان بوون بە کەڵەگاو پەتاو تاعوون و ئافەتی خوێندنەوە، کەچی لەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون و گەیشتونەتە ئێمە ئەگەر ڕۆمانێک لە چاپ بدرێت

٥٠ جار لە چاپ دەدرێتەوە یانی خەڵکەکە دەیخوێننەوەو ئامێرەکانیش بە جوانی بە کار دەبەن.

- جاروبار بەرهەمی جوانی نووسەرێک دەخوێنمەوە، لام وایە ئەوە یەکەمین و دواهەمین کتاوە دەیخوێنمەوە.
- من بۆم روون نەبووەتەوە گەمژەیی ژینیتیکیە یان بێسەوادییە ؟ هەر کامیان بێت ئێرەیی بە خۆشبەختی گەمژەیی دەبەم.
- لە هەر مانگێکدا دە تا پازدە کتاو دەکڕم و دەیانخوێنمەوە، گوێ لە سن و ساڵم نادەم ، جاروبار کتاوچەی (تۆم ئەند جیری و سوپەرمان )یش دەخوێنمەوە.
- میللەتانی دیکە دەڵێن کتاوی باش لە لیرەی زێڕ باشترە ، لە وڵاتی ئێمەدا رەنگە بەرهەمی نووسەرانی کورد بە زێڕ نەزانرێت ، خۆ لێرە و لەوێ زیوی تیا دەبینرێت ، ئەی بۆ وا بێ خێو و خاوەن و خوێنەرن ؟
- وا باوە و وتراوە کە وا خوێندنەوە دەوای دەردی بێ دەرمانە ، کەچی من هەروا دەردەدارم.
- کەم ژن لە خوێندنەوەی بەردەوامی هاوسەرەکەی رازییە و کتاو بە هەوێی خۆی دەزانێت ، بێچارە خێزانی من، خۆمە، ٣٢ هەزار هەوێم لە روخسارو بەرگی کتاودا بۆ هێناوەتە ماڵەوە.

- پـێم سـەیرە ئەو سیاسـەتمەدارە ئەوەنـدە ملـکەچ و گـوێگری نەخوێندنەوەیە ، ئیـدی چـۆن داوای ئـازادی بـۆ مـیللەتەکەی دەکات ؟
- ئەگەر کتـاو چـوار تـایەو سـوکانی هەبـوایە زۆر کەس لێـی دەخورِی.
- کتـاو مـۆمێکی داگیرسـاوە ئەگەر تـاریکی جیهـان بکەیـت بە لێفەیەک ناتوانیت داپۆشێت.
- ئێمەی کـورد زۆرمـان مـاوە تـاموچێژی خوێنـدنەوە بە باشـی بزانین، بۆیە زۆربەی چێشتەکانمان نەکولاوە و بێتام و خوێن .
- تا لە خوێنـدنەوەی کتاوێـک دەبـمەوە، کتـاوێکی تـر جـێگەی دەگرێتەوە، ئاخر خاکوخۆل چۆن بارانی لە بیر دەچێتەوە؟
- خۆزگە حەوت سەرو چواردە چاوی تیژم هەبـوایە تـا لە یەک کاتدا حەوت کتاوم بخوێندبایەتەوە.
- کـورِە وەرە بمکـوژە ، دێـت کتـاوێکم لـێ دەسـتێنێت بـۆ خوێندنەوە و نایهێنێتەوە ، ئەی دزی سوورە یا رِەشە ؟
- یەکێک لە خزمانم وتـی : فلانـی ئەگەر کتـاو نەبوایە ئێسـتا ملیـونێر بوویـت ، وتـم : هەر کەسـێک بە دوای گومبـووی خۆیدا وێڵ و سەرگەردانە.




- به‌نـده جارجـار كتاوێـك ده‌كـڕم زمـانه‌كه‌ی نـازانم ، دڵنیـام له‌وه‌ی رۆژێك دێت كوردێكی خوێنده‌واری ئه‌و زه‌مـانه نیـازی به‌و كتاوه ده‌بێت.
- سه‌ره‌تای ژیان و هه‌ڕه‌تی لاویـم ، گـاڵته‌م به عیشـق ده‌كـرد، خوێندنه‌وه وای لێكـردم ئه‌وه‌سـا له عیشـقدا ده‌سـوتێم سـه‌د ره‌حـمه‌ت له رۆح و ره‌وانـی مه‌ولانـا كه فه‌رمـویه‌تی ( خـام بدم، پخته شدم ، سوختم ) كاڵ بووم ، برژام ، سـه‌رئه‌نجام سووتام.
- كاتێـك نووسـه‌رێك ده‌بیـنم باوه‌شـێك كتـاوی به‌ده‌سـته‌وه‌یه گه‌لـێكم به‌لامه‌وه رێزدارتـره تـا به‌رپرسـێك چـل پاسـه‌وان به دواوه بێت.
- كاتێـك له گه‌ڵ نه‌ناسـراوێكدا دانیشـم و بـكه‌ومه راوێـژه‌وه ، ده‌زانـــم ئه‌و كه‌ســـه خوێنـــده‌واره وه چ بـــوارێكی زۆرتـــر خوێندۆته‌وه یا هه‌ر نه‌خوێنده‌واره.
- له وڵاتـانی پێشـكه‌وتوو و تێگه‌یشـتوودا فـره بـواری جـۆراو جـــۆری نووســـینی كتـــاو هه‌یه، ئـــێمه‌ی كـــورد پـــلان و مه‌نهه‌جیه‌تمان نییه نه بۆ خۆمان ، نه بۆ منداڵه‌كانمان ، نه بۆ شاره‌كه‌نمان، چونكه نووسه‌ر و چاو ساغی ئه‌و بوارانه‌مان نییه و هه‌موشتێك ده‌زانین و هیچ بوارێك به وردی نازانین.

- کابرا بە ئەلف دەڵێت گاڵۆک فڕی بە سەر ویـژدانەوە نیـیە ، تـا خـراپە وەسـتا بێت چاکە ناکـات ، کەچـی پەروەردەگـار خێــرو بەرەکەتــی دونیــای بە ســەریا رژانــدووە، ئــێمەی رۆشـــنبیرانیش لە تەنگـــوچەڵەمەی نـــان و ژیانـــداین ئەوە حیکمەتە؟
- چـل و پێـنج سـاڵ لەمەو بەر کتـاوی ( دو قـرن سـکوت )ی پرۆفیسـور عەبدولحوسـەین زەریـن کـوبم خوێنـدبووە وە لە کتاوخانەکەمـدا بە دوای کتاوێکـدا دەگەڕام ، هەمـان کتـاوم هاتە دەستەوە ، دووبارە خوێندمەوە ، روانیم فکری ئێسـتام زەوی تـا ئاسـمان جیـاوازە لەگەڵ رابوردویـدا ، بـۆیە کـردمە کوردی و خستمە کتێبخانەی کوردیەوە تا لە فکری خەڵکیـدا فکر و ئەندێشەی پوختەیی و گورانکاری پتەوتر کەم.
- ئەگەر لە ژوورەکەمـــدا کتاوێـــک بخـــوێنمەوە وە ژوورەکەم پەنــجەرەی تیــادا نەبێــت، لام وایە دەرو دەروازەی دونیــام لێکراوەتەوە، ئیدی چ نیازم بە پەنجەرەیە ؟
- ئەوەی لە تەنهاییـدا هـۆگر و هـاواڵی غەمەکـانمن، کتـاوە و مۆزیکی عیرفانییە و بەس.
- جارو بار لە خۆم دەپرسم ، تۆ بڵێی لە خوێنـدنەوە خۆشـتر هەبێـت ؟ کەچـی کـابرا بە شـانازییەوە دەڵێـت: سـەرقاڵم و کاتی خوێندنەوەم نییە، ئەویش هەقێتی، بەوە خۆشحاڵە !

- سەردەمدارو سیاسەتمەدار سەرمەشقی میللەتانی تێگەیشتون ئەوانەن وا زۆریان خوێندوتەوە ، لە وڵاتی مندا پێوەرەکە پێچەوانەیە .
- کاتێک لە کتاو و مەنهەجی وەزارەتی پەروەردە ورد دەبمەوە ، دڵم بە ئایندەی منداڵەکانمان دەسوتێت..
- خوێندنەوە مرۆڤ کەم عەیبدەکا و هیچ مرۆڤێک بێعەیب و تەواو نەخوڵقاوە ، ئەوەی کامڵ و تەواوە تەنها خوایەو بەس.
- سێکس و کتاو دوو بواری پێویستن بۆ بەردەوامی ژیان، کەچی خەڵکانێکی زۆر تەنها بیر لە ( سێکس ) دەکەنەوەو ئەوی تریان لە بیر کردووە.
- منداڵ بووم رەفەی کتاوخانەم لە ماڵی باوکمدا دەدی پێم سەیر بوو، ماڵی خزمەکانم بۆ ئەو رەفانەی تیادا وەدی ناکرێت ؟
- لە پێش هۆلاکۆشدا کتاو سوتێنراوە، پێم سەیرە، بۆ هەر هۆلاکۆ بەدناوە ؟ مەگەر فلان و فلان کتاویان نەسوتاندوو نەیانخستە روبارەوە ؟ رووباری دیجلەوە ؟
- لە وڵاتی مندا خوێندنەوە کەمە و نەیتوانیوە عەقڵی خێڵەکی بگۆڕێت، نابینی لە خۆڕا ژن دەکوژرێت و ... لایان وایە شەرەف تەنها لە ناوگەڵدایە و بەس.

- كاتێك بڕێك كتاو دەخوێنمەوە وا دەزانم زەمانێكە لەگەڵ نووسەرەكەیدا هاوڕێ و ئاشنام، كەچی لە مێژدا ناویشیم نەبیستووە.
- ترسێكم لێ نیشتووە، ئەویش ئەوەیە، ئاكام و سەرەنجامی كتاوخانەكەمە وا بە جێەی دێڵم.
- جاروبار خوێندنەوەی كتاوێك تورەم دەكا و توڕی دەدەمە لاوە ، كەچی ئازا سەرشۆڕانە دەگەرێمەوە لایەوەو داوای لێبوردنی لێ دەكەم و بە شەرمەوە دەلێم : ببورە لەگەڵتا نیم!!..
- میللەتان فەرهەنگیان جیاوازە ، هەر بەو ئەندازەشە جۆری خوێندنەوەیان تیادا جیاوازە ، بڕێك لەو فەرهەنگانەخوێندنەوەی ( فیزیای فەزائی ) باوە لە ناویاندا بە لای میللەتانی ترەوە ئەو بوارە بە تەلەسم و جادو دەزانن.
- من پێم سەیرە خوێندنەوە لە وڵاتەكەمدا بەم ئاستە نزمبێت، كتێبخانە بەو ژمارە كەمە بێت ، شانۆ و گەلەری و پەیكەر وەكو دەعبا تێی بڕاونن ، كەچی تەماحگیری دونیای مۆدێرنزمەشین.




- ئەوەی کۆمەڵگا دەشێوێنێت مانشێت لەبەرەکانە، نەکو نەخوێندەواران تیژ پەرانە لە داپاچینی حەقیقەتەکان نە دوودڵن نە سڵ کەرن..
- پێم سەیرە کابرا بە دەگمەن لە ساڵێکدا کتاوێک دەخوێنێتەوە، کەچی تەرازوو بە دەستەو لەوە سەیرتر ئەوەیە قسەشی دەڕوات.
- برێک نووسەر بە شێوەیەک لە شێوەکان بەدوای دەهۆڵژەنیدا گەڕاون، سەیر لەوە دایە بە ئاسان بە دەستیان هێناوە نابینی چ بەزمێکیان ناوەتەوە، سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە.
- لیۆان پر بوو لێی دەرژێت، خوێندنەوە لە ئاستی مێشکی مرۆڤدا نییە، بۆیە مێشک بێ بن و بیخە و خوێنەر دەستبەرداری خوێندنەوە نابێت و تا ماوە دەستبەرداری خوێندنەوە نابێت و لای وایە سەرەتای خوندنەوەیەتی .
- بەندە میوانم زۆرە و دیوەخانەکەشم بە شتی نایابەوە رازاوەتەوە ، ئەوەی ئازارم دەدات کەم کەس لەوانە ئاوڕ لە کتاوخانەکەم دەدەنەوە. دەڕۆنە لای شتی تووڕەهاتدا.
- بەندە کەم رۆژنامەی ئەم قوناغە دەخوێنمەوە ، چونکە نامەوێت خۆم بەو شەڕە جنێوە خەریک بکەم.

- هەمـوو دزیکردنێـک ناپەسـەندە، بەنـدە لە کـاتی کـارکردنم بەشـەخەوم لە کـاتی نـان خـواردنم دەدزم و دەیـخەمە سـەر کاتی خوێندنەوە.
- زۆر هەبــوونە نەخوێنــدەواری بە حــیکمەت کەم خوێنــدەوار گەیشتوونەتە ئەو پلەو پایەی ئەو نەخوێندەوارانە.
- من ناڵێم حیزبەکانی ئەمڕۆی کوردسـتان خەڵـک بـێ سـەواد دەکەن، بەڵکـو تەمــاحگیری ئەوەم ئەنــدامانی ئەو حیزبــانە بکۆشن حیزبەکەیان خوێندەوارتر بکەن.
- مـن کە دەنــوارمە کتاوخانەکەمـدا نووســەرانێ ئامــاژەم بــۆ دەکەن و دەڵێن : وەرە دووبارە بمانخوێنەوە.
- ئەو پارە زۆرەی بـۆ هێنـانی پـێڵاو تـایەی ئۆتۆمبێـل سـەرف دەکرێت یەک لە دەی ئەو پارەیە بۆ کتاو هێنان سەرف کرابا شەقمان لە قەمەر دەدا.
- کتاو زۆر ئازایە ئەوەتا زاڵە بە سەر میللەتە شـەرەنگێزەکاندا و زۆربەیان خوێندەوارن و ملکەچی کتاون..
- بـۆیە وێـڵ و سـەرگەردانم بە دوای کتـاودا تـا خـۆمی تیـادا بدۆزمەوە.
- خواو خەڵک ، سەرەتاو پایانی کتاوی خوایە.

- باوەڕ بکەن کاتێک کتاوێک بەدەستەوە دەگرم هەست بە گیانلەبەری ئەو کتاوەی دەکەم، ئیدی چۆن رێز لە گیانلەبەر نەگرم هەر یەکەو بە گوێرەی خۆی.
- پێم سەیرە برێک کتاو سێ سەد لاپەڕەیە من بینووسم بای سی پەرەیە.
- پێش هاتووە تەنها دێڕێک لە کتاوێکدا بیرو بۆ چوونی نووسینی کتاوێکی سەد لاپەڕەیی پێ بەخشیوم ، کام بەخشەندە وایە ؟
- بەندە عاشقی مۆزەخانەکانم لە گەشتەکانمدا کەمجار پێویستیم بە چاوساغی ناو مۆزەخانە هەبووە ئەوە خوێندنەوەیە لە مێژدا چاوساغی بۆ کردووم.
- کتاو زنجیرو پەیوەندی نیو فەرهەنگەکانەو وەرگێڕان پردی نێوانیانە.
- کتاوی باش و خراو لە عەقڵی مرۆڤدا جێ خۆی دەکاتەوە.
- تا بە ئەمڕۆ حەفتاو دووکتاوم نووسیون ، بۆم گرنگ نییە بە لای خەڵکەوە چین و چۆنن، ئەوەندەی دەزانم لە ئاستی تەرمی خنکاوی ( ئالان )دا ، من و نووسین و بۆچونەکانم دەستە پاچە و زەبوونن، بۆیە پەیوەستە لە تەقەلادام تا باری زەبونیم کەم کەمەوە.

- بــۆیە دەخــوێنمەوە تــا مــیللەتەکەم وەک پــرد بەســەرما بگوزەرێ.
- خوێندنەوە چ لە هۆشیاریدا و چ لە خەودا فکرو زکری مرۆڤ دابـین دەکـات پـێش نـایەت شـوانێکی ئەو دەشـتودەرە خەو ببینێ خەریکی پیانۆ ژەنیـنە ، یـان تەماشـاکەری شـانۆیە و ئۆپیرایەکی فەرهەنگی دووری گەلانە.
- باوەڕ بکەن زۆرم لا خۆشە بڕۆمە ئاودەستە تێکڕاییەکـان تـا نووسراوی نـاو ئاودەسـتەکان بخـوێنمەوە تـا پەی بە ئاسـتی فکریی ئەو توێژە ببەم.
- کتاو ئاوێنەنمای رابوردووە و هی سبەی و ئەمڕۆی ئێمەشە
- بەندە خزم و عەشـیرەتێکی زۆرم هەیە ، بەڵام ئەوەی فریـام کەوتـــووە نە مەڵـــحەمە و رابوردوویـــانەو نە بەن و بـــاوی پاشـاکانی بـاپیرمن، بەڵکـوو ئەوەی فریـام کەوتـووە تەنهـا کتاوخۆندنەوەیەو نووسینە .
- بە هۆی خوێندنەوەی بەردەوامەوە زۆربەی زۆری جەببـاران و سەردەمدارانی رابوردوو دەناسـم، بە ئەنـدازەی وەزیرەکانیـان دەتـوانم چـاکە و خراپەیـان هەڵـدەم و بیـانژمێرم هـی ئەم سەردەمەش !
- مـــن کـــوڕی بنەمـــاڵەیەکی میرنشـــین بـــوومە ، ئێســـتا کتاوخانەنشـینم ، ئەگەر باپیرەکـانم زینـدووبوونەوە و بڵـێن




وەره با بیانگۆڕینەوە بە تەئکید رازی نابم و دەڵێم ئاغاگەڵ میرنشینی خۆتان بۆ خۆتان خەڵوەتگای منیش بۆ خۆم.

- بەندە بە تەواوی وجودمەوە دەنووسم و لە فکرەکانمدا تەوامەتەوە، کاتێک کتاوی ( مەولانا و رازی نەی )م دەنووسی لە سەر ئاهەنگی مۆسیقای عیرفانی سەماکەی مەولاناشم دەکرد، بەوە رازی نەبووم پەیکەرەکەشم سازاندووە.
- خوێندنەوە کلیلی زۆر رازە، کەچی گرنگی کتاو و رازی خوێندنەوە هێشتا بە دروستی هەڵنەهێنراوە، هەروا رازەو وەک چاو وایە هەموو جێبینە ، تەنها خۆنەبینە
- ئەو سێ کتاوە ئاسمانییە لە بنەماوە کۆمەڵگای بەشەریەتیان گۆڕیوە لەو کاتەوە تا بە ئێستا ملیاردەها کتاو نووسراون، کەچی هێشتا سایە و سێوەری ئەو سێ کتاوە زۆربەی زەوی داپۆشیوە.
- خوزگە تەواوی زانیارییەکان دەکرانە یەک کتاو تا هێندە دەربەدەرو ویڵانی دوای کتاوە جۆراوجۆرەکان نەدەبووم.
- کاتێک پەیکەرێک دەسازێنم تەنها ژمارەیەکی کەم دەیبینن و مەودای شەقامەکانی ناو پایتەختەکەمی پێ نادرێ پێیەی دەڵێم .. زۆر کتاوی پر لە حیکمەت هەن و تا بە ئێستا

نەخوێنراونەتەوە لێیان زویر مەبە رۆژێک دادێت وەکو ئێستا بێ ناز نەبێت بەرەکەت کەن سەردەمدارانی ئەمڕۆی کورد.

- نەوەدەکان ڕۆمانی ( ران)م نووسی، مەلایەک لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بۆ رەواجی حەملەی ئیمانی سەدام پوێ پیا کرد کەوا ئەم نووسەرە رواج دەداتە ( جنس) ئەلحەق گرفتاری بۆ دروست کردم، سەیر لەوە دایە هەمان مەلا ئەورۆکە لە هەرێمدا جێگەو شوێنێکی رۆشنبیری بۆ تەرخان کراوە، ئەشهەدو لایەقی نییە وەک هەمیشە زوڵمە لە رۆشنبیران دەکرێت. کابرا ئەوڕۆکە ئەندامی ئەکادیمیای کوردستانە.
- پردی سەر ڕووبارەکان بە درێژیی زەمان دەهەڕووژێن ژمارەیەک لە یەک میللەتی بەسەردا دەگوزەرێ، پردی ڕۆشنبیری لە هەرووژان نایە و میللەتانی جۆراوجۆری بە سەردا دەگۆزەرێن.
- هات و وتی : تۆ چ عەشیرەتێکی ؟

  وتم : کتاو.

  وتی : لە کام تیرەی ؟

  وتم : لاپەرەکان.

  وتی : کوڕی کیەی ؟

  وتم : قەڵەم.

- وتی : خەڵکی کام دەڤەری ؟
وتم : کتاوخانە.

- ڕەنگە یەکێک لای وابێت پێوەرەکان بۆ جوانی گۆڕاون .. منیش دەڵێم وایە ، بەڵام دوای پێوەری خودی جوانی پێوەرە نۆیەکان دەست پێدەکەن.
- لە کۆمەڵگای تێگەیشتوودا دارایی و دەسەڵات لە خزمەتی ڕۆشنبیران دایە ، لە کۆمەڵگای پێنەگەیشتوودا تێوریەکە پێچەوانەیە بنوارە لای خۆمان.
- دیارە ئێمەی کورد بیر لە داهاتووی گەل و وڵات ناکەینەوە بۆیە گرنگی نادەینە سیستەمی پەروەردەکردن و ئەو مادانەی منداڵەکانمان دەیخوێنن.
- بە لای زۆربەمانەوە ئامێری موزیک و تێکڕا هونەر پێگەیەکی شیاوی بۆ دانەنراوە بۆیە لە بیست هەزار ماڵە کوردا کتاوێکی نۆتەی موزیک نابینی لە دە هەزار ماڵدا ڕەنگە پەیکەرێکی بچکۆلانە ببینرێت لە هەر پێنج هەزار ماڵدا ڕەنگە تابلۆیەکی بە فرچە و ڕۆنی ڕەنگی وەدی کرێت یا نەکرێت!

- ئـێمەی کـورد دوو هەزاروپێـنج سـەد سـاڵە هەر شـەڕێکمان کردبێـت دوڕانـدوومانە، چـونکە لە کتـاوە دوور بـووبین و گرنگیمان بە خوێندنەوە نەداوە و تەنها پشـتمان بە شمشـێر بەستووە.
- زانکۆ تەواوکردن دەرگایەکە بوناو کورەی زاخاودانەوە .
- ئەو نووسـەرانە یـا ئەو شـاعیرانەی دەکەونە کـاوێژکردنی خۆیان نەنووسن باشترە .
- موشەکی ئاسمانە پانوپۆرەکان خوێندنەوەیەو بەس.
- ئەگەر کتاو گرنگ نەبوایە خوا کتاوی دانەدەنا.
- خوێنـدنەوە مەزار و مزگەوتـی خـوێنەرە ، تێگەیشـتن بەهەشتی مەوعودە.
- کتاوی نەخوێنراو وەک خانەقای بێ سـۆفیە ، وەک میحـراوی بێ کتاوە.
- سەیر لەوە دایە تا دەخوێنمەوە باشتر دەزانم کە هیچ نازانم.
- ئەوانەی زۆر دەخـوێننەوە کەم دەدون، قـوڕ بەسـەر گـوێگری ئەوانەی چەند کتاوێکیان خوێندوتەوە.
- لە ناو کۆمەڵگای پێنەگەیشتوو تێنەگەیشـتوودا تـا زەمانێـک ئامێرە تازە باوەکان مین و عەبوەی کوشەندەن.
- کاتێـک ڕووبەڕوی ئـافرەتێکی خوێنـدەوار یـا هونەرمەنـد دەبمەوە سـەد نەفرینـی ئەو خەلـیفە و سـەڵاتینی ئیسلامەی




دەکەم، چۆن توانیویانە حەرەمسەرایان هەبوە .. بڕۆ کتاوی ( حەرەمسەراو خەساوەکان )ی بەندە بخوێنەوە.

- 

- کە ورد دەبمەوە و دەخوێنمەوەو سەرسام دەبم لاپەڕەیەک کاغەز چۆن جێگای ئەو هەموو جوانیەی تیادا دەبێتەوە ؟
- ئەوانەی کتاوێک دەخوێنەوەو گرنگی بە ناوی نووسەرەکەی نادەن وەک وایە پەیڕەوی ئایینێک بن و ناوی پەیامبەرەکەی نەزانن.
- منی نووسەر زوڵمێکی زۆرم لە خێزانم کردووە زۆربەی ژیانم لەگەڵ خوندنەوەیدا بە سەر بردووە، نازانم ئەگەر تەمەنێکی نوێیان پێ بداماسە، هەمان زوڵمم دەکرد کە لە مێژدا کردوومە ؟
- هەر کتاوێکم نووسی بێت و لە نووسینی بومەتەوە چەندان جار پلم تەقاندووەو نیو خوولەک سەمای شێتانەم کردووە.
- کە کۆلێژم تەواو کرد لە پیشەکەمدا لە بوارەکاندا لە کۆڕەکاندا دەمم دەبوو بە تەڵەیتەقیو بۆیە سەرالێژی چڕستانی ناو کتاوخانەکان بووم.
- کتاوخانەکەم جامخانەیە، یانی تەواوی کتاوەکانم ڕوپۆشدارن و هەموو چاوەکانی وەک یەک وان و یەک ئەندازەو یەک ئەبعادن ، خانەیەک لەو خانانەم تەرخان کردوە بۆ کتاوی

نایاب و دەگمەن ، برێک لەو کتاوە دەگمەنانەی تەمەنیان چوار سەد و پێنچ سەد ساڵ زیاترن لە سەر ئەو خانەیەم نووسیوە ( قەدەغەیە مەیکەرەوە ) بەوەشەوە رانەوەستاوم زەنگوڵەیەکی گەورەی ملی مەڕم پێوە هەڵواسیوە تا ئەگەر یەکێک لەو بێ دەربەستانە دەرگای ئەو خانەیەی کردەوە، گوێم لە دەنگی زەنگەکەی دەبێت، بە داخەوە زۆر جار زەنگە هەڵواسراوەکەی ملی مەڕ ئاگادارم دەکاتەوە ئەوە ئەو خانەیە کرایەوە ، ئەو کتاوانە برێک کەس بە دەستیەوە گریت وەک وایە کریستاڵێکی ناسک بەی بە دەستی منداڵێکەوە .

- لەرۆژگارێکدا دەژین کەم کەس کتاو دەخوێننەوە لەوەش کەمتر رێز لە نووسەرەکەی دەگیرێت .
- کە مردم توخوا بزانن هاوسەرەکەم کەمی بە دەست کتاوە نەچێژاوە، ئەو کاتانەی هی ئەو بووە کتاو بردوویەتی ئەوەی ئەو پێی ناخۆش بووە کتاو کردوویەتی کە چی وەک سەنگی سەبوور بە بێدەنگی خۆی لاواندوەتەوە .
- کابرا ڕووپۆشی خانووەکەی مەڕمەڕی ئیتالییە ، قەنەفەکانی هی دیزاینی لوئی چواردەهەمە، مافوورە راخراوەکانی کاشان و نائینە بۆ خوا کتاوێک لەماڵیدا وەدی ناکرێت.

- که پێشەنگای کتاوی دەستگاگەورەکانی چاپەمەنی لە هەولێر و سلێمانیدا پێک دەهێنرێت، زۆر کتاوی یاساغ و قەدەغەکراو کە زۆربەیان ئاینین ، لەویڕا دەبینریەن بە پیکاب دەبریەن لەوەش سەیرتر کەس نازانێت بۆ کوێ دەبرێن؟
- کتاو توشی بێ رێزی دێت ، دەسوتێنرێت ، دەکرێتە لوولەی ناوکەی گوڵەبەرۆژە ، ئیتر تەڕبووی باران و بە خۆراکی موریانە بون پەت و پەتی جۆراوجۆر ، بەڵام جەوهەری ماناکەی هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە.
- برێک لە مامۆستایانی ئاینی جگە لە کتاوە ئاینیەکان خوندنەوەی کتاوی تریان بە گوناح و تاوان داناوەو بە لایانەوە چەرخی ئەم گەردون و زیندەگیە حیکمەتی مەعقول و مەنقول دەیگیری و بەس.
- جارو بار کتاوێکی باش دەخوێنمەوە ترسی تەواوبوونی دامدەگرێت و لێی ورد دەبمەوەو لە ژێر لێوەوە دەڵێم ئەی خوا خۆ زۆری نەماوە تەواو بێت..
- برادەرێک هات و وتی ، فڵانی ئەو کتاوە نایابانەت بۆ نافرۆشی؟ وتم.. باشە هاتم و فرۆشتم بیاندەم بە چی؟

- زۆر کتاو دەخوێنمەوە خۆمی تیا نـابینمەوە بـۆیە پەیوەسـتە لە خوێندنەوەی بەردەوام دام بەڵکوو خوا یارمەتیم بداو خۆم بدۆزمەوە.
-
- من هیچ کتاوێک بە خراپ نازانم هەتـاوەکوو کتـاوی (الشـیخ یرجـع الـی ×ـباه) ئەگەر کتـاوی خـراپ نەخـوینینەوە چـۆن جیاوازی بخەینە نیوان باش و خراپەوە؟
- ئەوەی دەڵێـت: دزینـی کتـاو رەوایە بێـویژدانە بێئـاییینە بـێ خوایە ، بۆ خۆیشی دزە.
-
- کتـــاو بە لای خـــوداوە گەلێـــک مەزن و بە بەهـــایە، بـــۆیە دەینێریـت بـۆ پەیامبەرەکـانی ، ئەوەی زێـڕو زۆر و سـامان هەیە دەی بەخشێتە دەوڵەمەندان تەنها کتاو نەبێت.
-
- خوێندنەوە پاسـەپورتە و لە زۆر لە بـازگە و خـاڵی پشـکنین دەتگوزەرێنێت.
- خـۆ ناکرێـت تەواوی هاوڕیەکانـت فـوول خونـدەواربن، یـان فەیلەسووف بن، کتاویش جۆراوجۆرن.
- ئێمەی کورد ئەگەر زۆربەی دەسەڵاتدارانمان خوێندەوار بانایە بە ئاسـانی هەڵنەدەخەڵەتـان و رۆژگارمـان نەدەگەیشـتە ئەم

دەورەو زەمـانەی وا تیـادایـن، سـەیر لەوە دایە دوای سـەدان ساڵ ئاش هەمان ئاشە.

- منداڵەکەم نەخۆش دەکەوێ دەیبەمە دکتۆر ، کتاوێکم بدڕێت بەلای چاوساغەوە چاکی دەکەمەوە.
- کتاو بدەی بە کەسێک وەک وایە مەڕ بدەی بە دەم گـورگەوە لەوەش سـەیرتر ئەوەیە داوای کتـاوم لـێ بـکەن نـاتوانم نەیدەم ، بە مەرجێک بیگێڕێتەوە.
- خزمێکم هەیە دزی ناسراوی کتاوە بە دزینی کتـاو لەم و لەو کتاوخـانەیەکی پێـک هێنـاوە کاتێـک دێـت بـۆ سـەردانم کە دەڕواتەوە بێ شەرمانە دەیپشکنم.
- هۆکـاری زۆری سـەرچاویە رابـوردوی میللەتـان دەزانـم و نەبـوونی سەرچاوەشـە وا بە وردی بـێ ئاگـام لە رابـوردوی میللەتەکەم.
- لە هەر کوێدا گرنگی بە کتاوو خونـدنەوە نەدرێـت جـێ چـۆڵ کـراوە بـۆ پیسـی و پـۆخڵی و مـیش و مێشـولە و مەگەز و دەسەڵاتی گەوجانە.
- منی نووسەر کتاوێک دەنووسم دەدەم لە دەرگایەک ، هەمـان نووسینی من سەد دەرگا لە خوێنەرەکی تر دەکاتەوە.

- منداڵ نیازی بە کتاوی وێنەدارە نیازی بە چیرۆکی منداڵانەیە منـــداڵ بـــووم دایەن و لەلەم هەبـــوو شـــەوانە حیکـــایەتی خۆماڵییان بۆ دەوتم بۆیە تەوحم کێشایە لای رۆمانەوە.
- دوو بوار یارمەتیدەرە بۆ گەیشتنە پـۆپە .. یەکەم عیشـقە ، دووهەم خونـدنەوەیە ، هەمـوو کەس ناتوانێـت بگـاتە عیشـق بەڵام هەموو کەس دەتوانێ بخوێنێتەوە.
- مرۆڤـــــ بە زەحـمەت بتـوانێ بە تەنهـایی بـژی ، نیـازی بە هاودەم و ناسراوو دۆست و ئەحباب هەیە پـێم سـەیرە چـۆن وا کەمـتەرخەمە لە ئاسـتی خونـدنەوەی کتـاو کە باشـترین دۆستە؟
- من باسی وەفای کتاو ناکەم باسی جەفای دەکەم و دەگەرێـم بە دوایدا و نیە بیخوێنمەوە ئیدی جەفا لەوەی زۆرتر؟
- لە وڵاتـی منـدا سـودی ڕەواو نـاڕەوا مەقبـووڵە کەچـی کەم کەس توخنی سودی کتاو دەکەون.
- بەنـدە کە رۆمانێـک دەنووسـم لە مێـژدا بڕیـارم نەداوە چەنـد لاپەرەی بێـت بە گـوێی ڕووداوەکـانی دەکەم لە هەر کوێـدا خـۆی تەواو کـرد ئیـدی پەل و پـۆی لـێ نـاکەمەوەو تەواوی دەکەم.
- هەزاران کتاوم خوێندوەتەوە لام وایە ڕووتوقوتم بۆیە بێوچان لە پەلەقاژەی پۆشتەبوون دام تا عەورەتەکانم داپۆشم.




- لام خۆشــە لەگەڵ نووســەرێکی جنێوفرۆشــدا بخــۆمەوە تــا وەکیل و وەزیرو گزیرێکی نەخوێندەوار.
- کتــاو پەلوپــۆی زۆرە بوارەکــانی جۆراجــۆرە، ئەو جێگــانەی هەڵدەبژێرم خۆم نەمزانیون یا تیایدا لاواز و بێ هێزم.
- ڕۆژگارێــک دێــت پــلەی زانســتی مرۆڤــــــ دەگــاتە ئاســتێک شــەپۆلی دەنگەکــان کە لە ئاســماندا لە هەزاران و ملیۆنهــا ســاڵەوە ڕەهــا و بەرەڵان دەگیــرێن و دەبیســرێن و لە یەک دەدرێــنەوە و زانیاریەکــان وەک خــۆی دەبــن بە مــوڵکی بەشەریەت، زۆر لە درۆو دەلەسەی ناو کتاوە مێژووییەکـان و کتاوی تریش تووڕ دەدرێنە لاوە بە ئومێدی ئەو ڕۆژە.
- ئایــا درۆکــردن خەســڵەتێکی بــایەلۆژییە یــا نیــازێکی کــۆمەڵایەتیە؟ هەر کامیــان بێــت کتــاوە ئاســمانییەکان و ڕووداوە خوێناوییەکــان زۆر دواون، کە درۆ هۆکاریــان بــووە درۆیش هەروا لە نێو بەشەریەتدا بەردەوامە بەتــایبەت لە نــاو ئومەتی ئیسلامدا.
- بە یەک بەیت شیعردا چۆنیەتی فکر و تێنواڕینی سـەردەمێک وەدەر دەکەوێ وردبەوە دوو سەد ساڵ لەمەو پێش حەزرەتی بیسارانی چی فەرمووە :
- سەڕاف نەی شار خەرمۆرە ناسەن
- جەی بازاردا گــەوهــەر کــــەساسەن

- دەفەرموێ : رۆژگارێکە دەسـەڵات داران و زۆربەی خەڵـکەکە ناتوانن جیـاوازی بـخەنە نیـوان مـوروگەکەرانەو گەوهەرەوە ، موروگەکەرانە ئەو مورگە شینانەیە وا ئەوسا لە ملی ئێستر و گوێدرێژیان دەکرد، چەند ئەمڕۆ لە دوێنـێ دەچێت!
- لە بیـرمە پەنجـاو چـوار سـاڵ لەمەو بەر بـۆ یەکەمـین جـار شـیعرێکم لە رۆژنامەیەکـدا بـڵاو کـرایەوە رۆژنـامەکەم دایە بندەستم و چومە ناو خەڵکی و لام وابوو ئەو خەڵکە دەزانـن لەو ژمارە رۆژنامەیەدا شیعری منی تیادایە و شێعرەکەشمیان بەلاوە زۆر پەسەندە.
- بڕێک نووسـین ئـازاییە ، برێـک دیزاینـی تەلارسـازی ئـازاییە، ڕەنگە زۆر کەس توانای ئەو نووسین و ئەو دیزاینەیـان تیـادا بوبێت، بەڵام نەیانوێراوە نە بینووسن و نە ئەنجامی دەن .
- نەزانین تاوانێکی بـێ سـزایە، پـێم سـەیرە زۆربەی تاوانبـاران زانیارن .
- خوێنـدنەوە زاخـاوی مێشـکە، مۆسـیقا لاوانـدنەوەی رۆحە، جوانی هاندەری هەردووکیانە .
- پەیامبەری خوا " د.خ" فەرموویەتی:
- "إن الله جميلُ يُحبُ الجَمال" یانی : خـودا جـوانە و جوانیشـی خۆش دەوێ. ئەی من ئەم هەموو پەیکەرە پـر لە زەرافەت و جوانیەی دەبینم رەوایە پێی سەرسـام نەبـم؟ رەوایە رێـز لەو

زەرافەت و جوانییە نەگرم؟ ڕەوایە پایتەختەکەم مەحرووم کراوە لە زەرافەتی؟

- کاتێک مۆنۆمێنتی شەهیدانی کوردستانم دروست دەکرد گوڵتە و پایەکانی هەر وەها پەیکەرەکانیم لە مەڕمەڕ دەسازان و دەتاشی، کۆمەڵێک هاتن بۆ دیتنمان کە منیان بە سەرو پرچ و ریشی تۆزاویەوە دی یەکێکیان وتی:
- ئەم کابرایە دەڵێی لە قوڵایی مێژووە گەڕاوەتەوەو نازانێت سەدەی بیست و یەکەمە.
- گوزەرم کەوتەماڵی خزمێکم شەوی لەوێ مامەوە، هەرچی بە دوای کتاوێکدا گەڕام تا بیخوێنمەوە، نەبوو... لە کۆتاییدا کچەکەی خەوننامەی ئیبن سیرینی بۆ هێنام، ئەگەرچی لە مێژدا خوێندبوومەوە، بەڵام هەرنەبێ لە هیچ باشتر بوو.
- زۆر کەس لە برادەران و بڕێک لە بەرپرسان، هەروەها چاوساغانی ئەحزابی کوردستانی دەڵێن باشە تۆ فکرت لێکردووەتەوە، دوای خۆت ئەو کتاوخانەیەت چی بەسەر دێت؟
- ئەو پرسیارە لە جێگەی خۆیدا بوو، دەبێ بە وردی بیر لەوە بکەمەوە. منداڵەکانم دەدەن بە سینگیاندا ئەوەی دەکەن و ئەمەی دەکەن، ڕاستت بوێت لەو قسانە دڵنیانیم و خۆم و کتێبخانەکەم داوەتە دەست تەقدیر.

- جەنـابی خوالێخۆشـبوو دلۆڤـان بـارزانی هـات بـۆ مـاڵەوەم، گەلێک بە کتاوخانە و پەیکەرەکانم سەرسام بوو، بەتـایبەت لەڕووی تەلارسـازیی دیوەخـانەکەمەوە. وتــی: فلاّنــی ئــێمە نەمانتوانیوە جێگەیەکی وا دروست بکەین، بـۆ ئەمە نـادەیتە هەرێـم تـــا گەورەتریشـــی کەیـــنەوە، لە ڕووی بەرنـــامەی داڕێژراوەوە خەڵکەکە بێن بۆ دیتن و تەماشای.

لە وەڵامدا وتم: من جارجارێک مێوانی قوتابییـانی زانکۆکـانم بـۆ دێـن و جاروبـار لە سـەد قوتـابی زۆرتـرن... لەولایشـەوە وەک بینیـت کتـاوی دەستنووسـی زۆرم هەیە، لە شەشسـەد سـاڵەوە بگـرە بەرەوخـوار، ئەو کتـاوانە بە قـیمەتن، زۆر بە ئاسانی دەدزرێن ئەگەر لە بیرت بێت چەند ساڵ لەمەوبەر لە ناومۆزەخانەکەی هەولێردا ئاسەوارێکیان دزی، لە هەزار کیلـۆ قورستر بووە.

- وتـی ئەوەی وتـت کـامیلەن دروسـتە، بەڵام ئەگەر بە ئـێمەی ببەخشیت ڕاستەوخۆ لەژێر چـاودێری خۆمـدا دەبێـت، لەوەی دڵنیابە کتاوچەیەکت نادزرێت.

لە وەڵامـدا وتـم: ئەگەر بەو شـێوەی بێـت بە جلـی بەرمەوە لێی دەردەچم و پێشکەشی دەکەم.

- بەرنـــامە وابـــوو کە لەو ڕووەوە پـــێکەوە دانیشـــین و چـۆنیەتییەکەی ئەنجـام بـدەین. پێشـینان وتەی سـەیریان

هەیە، وەک: " ئەوەی لای بەندە خەیاڵە، لای خودا بەتاڵە."
بە داخەوە مەرگ مەودای ئەو پیاوە نازدارەی نەدا و بردیەوە بۆ لای خۆی.

- ●- ئەوانەی گرنگی نەدەنە کات و ساتی و کاری ئەمڕۆ بخەنە سبەی ڕەنگە بۆ ئەوانە سبەینێیەک لە کاردا نەبێت.
- ●- یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکان ئەوەیە لەوەی نەترسم کە دینووسم و تووشی گرفتم نەکات.
- ●- هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە خوێندنەوە بەس بێت و لام وایە ئەو کتاوەی بە دەستمەوەیە و دەیخوێنمەوە یەکەمین کتاوە خەریکی خوێندنەوەیم.
- مردن یەک جارە، کە دوو چاری زووڵم و زۆر و ناڕەوایی دێیت هەر یەکەیان مەرگێکە و ڕۆژانە دووچاری دەبیت.
- مەرج نییە بگەمە هەموو شتێکی باش، بەڵام شادمانم کە بۆیان دەکۆشم.
- زۆرجار دووچاری بۆ نەهات هاتووم، هەرگیز تەسلیمی نائومێدی نەبووم و خۆم ناوەتەوە بۆ جارێکی تر و سەردەمێکی تر.
- هەمیشە بە دوای هاوڕێی باشدا گەڕاوم، وەک برسی بۆ خواردن، تینو بۆ ئاو، هەناسە بۆ ئۆکسجین، گوێ بۆ نەوای خۆش.

- ئەگەر کتـاوێکی قەبـارە زل بخـوێنمەوە و دوو وشـەی لـێ فێربووبم، سوپاسگوزاری نووسەرەکەیم.
- مـاڵی بـێ کتـاو وەک ئاسـمانی بـێ هەورە، ئۆقیانووسـی بـێ ئاوە، دارستانی بێ سێوەرە، مزگەوتی بێ میحراوە.
- ڕاستگۆیی زۆر زەرەر و زیانی پێ گەیاندووم، تووشـی ئـازار و ئێشـی کـردووم، ئەشـهەدو بەلامەوە ژانێکـی لەزەتـبەخش بووە.
- قوتابخانە و کۆلیژ تەواوکـردن هەمـوو دونیـای عەقـڵ نیـیە، زۆر کەس هەن سـەوادیان نەبـووە و لە عەقـڵ و حیکمەتـدا پایەیان بەرز بووە.
- عەقـڵ هـی یەک قۆنـاغ نیـیە، تەمەن و گـوزەری سـاڵ لەش دەپتۆرکێنی، مەحموود پاشای جافی باپیرەم فەرمـوویەتی:" کاتێک کە توانیم نەمزانی، کاتێک کە زانیم نەمتوانی."
- زۆرم دیـون لە کـۆڕ و کـۆمەڵ و دانیشـتنەکاندا مـاوە و مەودای کەسـیان نەداوە، کە وردبـوومەتەوە، زانیـومە بـێ دەنگیـیەکەم زاڵ بـووە بەسـەر ئەو هەمـوو توورەهاتەیـدا کە بیستوومە.
- میللەتـانی زینـدوو ڕێـز لە پێنـووس و بەرهەمـی نووسـەران دەگـرن، حەیـف ئـێمەی کـورد لە یەکەمـین هەنگـاوداین و زۆرمان ماوە.

- لە ژیاندا پلان و سەرکەوتن بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتن دەژمێردرێت، جێگەی داخە لە وڵاتی ئێمەیدا گرنگی بەو حاڵەتەی نادرێ، نە دەوڵەت و نە خەڵکەکە...
- هونەرە جوانەکان گەنجینەی ڕووحە، زۆربەی رۆحی ئێمەی کورد لەو ڕووەوە سەرکێش و دەرۆزەکەرە.
- بەختەوەریی ڕاستەقینە لەوە دایە بتوانی خەڵک بەختەوەر کەیت، چ بەختەوەریەک تاک و تەنها لە دوورگەیە پێکدێت؟
- ئەوانەی شێت و شەیدای پایەبەرزین، سەیری هەتاو دەکەن و لە ژیانیاندا سایە و سێوەر نابینن.
- خەو بینین ئاوێنەنمای چۆنیەتی ڕۆشنبیرییە، شوانێکی کورد هەرگیز خەو نابینێ، پیانوو لێ دەدا، یان تەماشاکەری ئۆپرایە...
- پێم سەیرە ئەوانەی بێئیش چۆن ژیان دەبەنە سەر بەو شێوە ڕۆژێک تەواوبوونی هەر نییە!
- کۆرۆنا وای لێ کردم وا بیربکەمەوە کە لە ئەستێرەیەکی دیکە ناژیم و خەڵکی تۆپی زەویم و من کابرایەکی خەڵکی ئەمریکای لاتین یەک گرفتاریمان هەیە، سەرفنەزەر لە ئایین و فەرهەنگ و ڕەگەز.

- ڕەخنە و ئیرادە لە دونیای ڕۆشنبیریی ئێستای کوردا یەخە گرتنــی حزبـایەتییە و فـڕی بەســەر جەوهەری ئەدەبیــاتەوە نییە، بۆیە ئەدەبیاتێکی شل و شێواومان هەیە.
- خـودا لە ئـاگر خـاوێنتری دروسـت نەکـردووە، بـۆیە هەرچـی پیسـی و ڤایرۆسـی ئەنـگەڵ هەیە بە ئـاگر لە نـاو دەچێـت، تەنانەت ڤایرۆسی کۆرۆنایش...
- کە لە خەو هەڵدەستی لەناو لەپت بنووسە ئەمڕۆ خۆشـترین ڕۆژە، دڵنیابە وا دەبێت.
- هـیچ گیانلەبەرێـک نیـیە نەترسـێ، جیـاوازی نێـوان ئـازا و ترسنۆک لەوە دایە کەسێک خۆڕاگربێت پێی دەڵێن ئازا...
- پێم سەیرە! ئەوانەی گوێ لە مۆزیـک نـاگرن چـۆن دەتـوانن پێبکەنن!
- بێدەنگی سەرمایەیەکی خودایە بەخشیویەتیە مرۆڤ.
- دەستەڵات شەلاڵی خوێنە، دەکرێ خاوێن کرێتەوە.
- پەیکەرێکم کردووە ئاماژەی کردووە بە خۆتا بچۆرەوە...
- هەمـان هەڵە مەکە وا کـردووتە، ئەوی هەڵە نەکـات تەنهـا خودایە.
- خێرخــوازی بەهــرەیەکە خــودا دەیــدا، داوای بــکەی خــودا دەیبخەشێ، ئەوە زەوی و ئەوەیش گەز.

- بڕێک کەس باوەڕیان بە چارەنووس نییە، ئەی ئەوانەی لە پزدانی دایک دان لە باری ژینیتیکییەوە توونـد و خوو و تاوانبار خولقاون، ئەوانە چی؟
- لام وایە ئەوانەی ئاژەڵ و منداڵ ناپارێزن ئایینیان نوقسانە.
- بیر لە ڕابردووم دەکەمەوە نەکا ئەمڕۆ هەمان هەڵەی ڕابردوو بکەم.
- بڕێک مرۆڤ لەباری ژینیتیکییەوە خودا توورە و ئاڵۆزی خولقاندوون ( من یەکێکم لەوانە) زۆریش زەرەرمەندبوومە، زۆر هەقم کراوەتە ناهەق، ئێستا دەزانم شایستەی ئەو ناهەقیەم.
- بڕێک وان لە قسەکردندا فرسەت نادەن، چەند شوورەییە داوای فرسەتی لێ بکەیت.
- ئازادی بە تەنها ڕەنگە تاموچێژێکی وەهای نەبێت ئەگەر نەبێتە هۆکاری گۆڕانگاریی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان... فەرموو بڕۆ لە دوورگەیەکدا تاک و تەنها بژیت.
- سبەی یانی ئەمڕۆ، کێ دەڵێ سبەی من هەم؟
- لە کۆمەڵگە تێگەیشتووەکاندا ئازادی بە تەنها تفەنگ نایەتە دەست، ئەوە عالەمی سێهەمی ئێمەیە ئەو زمانە زاڵە بەسەر تەواوی بوارەکاندا.
- لە دونیای ئیسلامدا داهێنان و خولقاندن سنووردارە.

- پێشبڕکێ پڕە لە ئەخلاق پـڕە لە وژدان، پـڕە لە لێهـاتوویی، لە جیهانی سێهەمدا پشتی پەردە گڵاوەکان بڕیار دەدەن.
- ئەگەر ساختمانێک دیوارەکەی پتەو نەبێت لە هەڕووژان نزیک دەبێتەوە.
- هـاوڕێی بـێ غەلـوغەش سـیفاتی پەیـامبەرانە، ئەمـڕۆکە لەو پەیامبەرانە دەگمەنن!
- فۆرمـۆلی شکسـت و سـەرنەکەتن لەوەدایە تەواوی تاوانەکـان بخەیتە سەر خەڵک، ئەی خۆت چی؟
- ئێمە لە یەک دەرگە دەدەین و دەرگەکانی ترمان داخسـتووە، کە ناچاری دەرگای تر دەبین هەلقەڕێز کراوە.
- لاساییکردنەوە لەناو ئیمەی کورددا ئافەتێکی نەتەوایەتیـیە و بە تەمای ئەوە نـین خەڵکـانی تـر هانـدەین و چاولێکەریمـان بکەن.
- هیچ شتێکی گـران بە ئاسـان بە دەسـت نـایەت، دەبـێ بـۆی ماندوو بیت بۆیە کورد دەڵێـت: دەستی ماندوو لەسەر سـکی تێرە.
- لە کوردستاندا ڕۆشنبیر ڕێگای تاریکە، ڕێبـواری بزنەڕێیەکـی باریکە، هۆشیار نەبی بەرەو هەڵدێرگایە.
- ئومێد جەوهەر و هەوێنی سەرکەوتنە.

- ئەوی پەیوەستە لە کار دابێت هەڵەیش دەکات، ئەوی هەڵەیش نەکات تەنها پەروەردگارە.
- من غولام و بەندەی ئەو کەسەم ئامۆژگاریی باشم دەکات.
- من ناتوانم سەرکەوتنە گەورەکان بەدەست بهێنم، هەر نەبێ دڵخۆشم بە سەرکەوتنە بچووکەکان.
- ئێمەی کورد لە مێژەوە فێری خاوە و بادانین، زەڕەیەک لە کوردبوونم پەشیمان نیم و تەواوی باجەکانیشم پێ دەدرێت.
- خۆزگا مێشەهەنگ باما تا هەستم بە ماندووبوون نەکردبا.
- ئێمەی موسڵمان تەماحەکانمان سنووردارە، مانای ئەوە نییە ئاوات و ئارەزووی گەلانی تر بە گڵاو دانێین.
- تۆڵەسەندنەوە هەستێکی بایەلۆژیی ناپەسندە. لە دونیای پێشکەوتوویشدا هەیە و ئەنجامدانەکەی جیاوازە.
- خۆشەویستی بەهرەیەکی یەزدانییە و نەیبەخشیوەتە تەواوی بەندەکانی.
- قسەی باشت پێ ناکرێت بێدەنگ بی باشترە، کورد دەڵێ: " گوڵ نیت دڕکیش مەبە".
- هاوڕێی باشم زۆر هەبووە حەیف نەماون نەختێکیان ماون، بەڵام لە مێشک و ئارەزوو و دڵمدا جێگەی خۆیان هەیە و لەبیریان ناکەم.

- زۆر کەس هەن تا خراپە هەبێت چاکە ناکەن، کەچی خۆیان بە موسڵمان دەزانن!
- دەوروبەرمان تونددوتیژ و پڕ لە خوێنە، ڕەفتارەکان چەواشەیە، ڕۆژ ڕۆژی قوش و واشەیە! هەر نەبێ تۆ بەشداریی مەکە.
- خۆشەویستی نێوان ژن و پیاوێک نیعمەتێکی خوداییە بەخشیویەتە مرۆڤ، هەر هۆکارێک هەبێت بۆ ژنهێنانی دووهەم بە تەئکید ئەو خۆشەویستییەی لەناوچووی ناوە.
- ڕەزاتاڵ، میوەی داری ژەقنەبووتە....
- فەرهەنگ، میوەی تاجی سەری میللەتانە!
- زانست کلیلی زۆر لە قفڵەکانە...
- ئاسمانی بەربڵاوی تاریک گڕی مۆمێک ناشارێتەوە...
- ئەوی یاوەری بەخۆی هەبێت نیازی بە شانتەکاندن نییە، یان پیاهەڵدان.
- ڕۆشنبیران دونیا بەڕێوە دەبەن، لە وڵاتی ئێمەدا کارەکە پێچەوانەیە.
- ئافرەت نەبووایە بەشەریەت نەدەبوو.
- لێبووردن سیفەتی پەیامبەرانە، ئەی بۆ پەیامبەرانە ڕەفتار ناکەین؟

- فەرهەنگـی پێگەیشـتوو و لە ئـێمە زۆرتـر ڕێـز لە ئـافرەت دەگرن و ئاژەڵ دەپارێزن، ئەوان بێدینن و ئێمە دیندار.
- ڕەخنە لە وڵاتی ئێمەدا بـۆ خـۆ وەدەرخسـتنە نەک ڕەواج بە پێگەیشتن بێت.
- کەیل و کێشانەکان خوارن، تەرازوو بێعەیبە...
- ئەگەر تەرازوو بە دەسـت دایـکەوە بـایە تـاوان و تاوانبـاران زۆرتر دەبوون و جیهانیان حوکم دەکرد.
- شیعری جوان ڕۆحی گۆرانییە نابینی گەلێـک لە گۆرانییەکـان ئێستا بێ ڕووحن؟
- خوێندنەوە وای لێ کردم چاکە و خـراپە بە وردی لێـک جیـا بکەمەوە.
- هونەرە جوانەکان کتاوی کراوەن نیازیان بە هەڵدانەوە نییە.
- نەبینراوە ژن ژن بخوات، ئەوە پیاوە لە یەک کاتـدا چـوار ژن دەخوات...
- ئەوی بتوانێت نەداری و گرفتاری و بێدەرتانیی خەڵک ببینـێ لە پەروەردگارەوە نزیکە.
- ڕاوێژووگفتوگـۆکردن هـونەرە، بنـوارە مێـژووی ئـێمەی کـورد چەند بێ هونەرین.
- ڕاستە وتراوە بێدەنگی دەرمانی تووڕەیی و ئاڵۆزییە، قورئـان بە حەقت بڕێک کەس بەرد دێنێتە هاوار...

- لە ئاستی ناهەقی بێدەنگی هەڵبژێریت شوورەییە.
- ئـــازایەتی دوو نەوعە، ئـــازایەتی بەیـــان هەیە و مەیـــدانیش هەیە، ئازایەتی بەیان لە مەیدان کەمتر نیـیە، بەڵام ئـازایەتی ڕێکەوتیش هەیە، دەڵێن بەسەر پـردی جمهـوورەوە لە بەغـدا ئافرەتێک دەکەوێتە ناو ڕووباری دیجلەوە، لەو کاتەدا یەکێک لە پـڕ خـۆی هەڵـدادەتە نـاو ئـاوەکە، ژنە شــەپۆل دەیـداتە لێوارەوە و ڕزگاری دەبێ، کابرایش لە نزیکەوە لە ئـاو وەدەر دێت و خەڵکەکە چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و کـابرا ڕوو دەکـاتە خەڵکەکە و دەڵێت:" کام سەگبابتان پاڵتان بە منەوە نا؟"
- هەمووان ئەو ئازایەتیەیان تیادا نیـیە بتـوانن شـادیی بەخـش بن، نەک خوێنڕێژ.
- خەبەختکـردن لە ڕێـگەی وڵاتـدا پـۆپەی ئـازایەتییە، چەنـد ئەستەمە ئەو ئازایەتییە بکرێتە پرد بۆ دەسـت ڕۆیشـتووان و بەسەریا بگوزەرێن.
- بێدەنگی پشووی ڕۆحە، کوردیش لە مێژدا گوتوویەتی: زمـان بوەستێت سەر سەلامەتە، ئەوەسا من زمانم ناوەستێ...
- گوێڕایەڵی بەهرەیە و هەموو کەس نیەتی....
- بەنـــدە بەرتیلــــدان و بەرتیلــــوەرگرتن هەردووکیــــان بە ئازایەتییەکی پڕ لە شوورەیی و تاوان دەزانم...
- کورد دەڵێ ژن هەیە و ژانیش هەیە.




- بۆ ژن تەنها جوانیی مەرج نییە، چەند جوانترە ڕەوشت و عەقڵ و هۆش هەنگاویشی جوان بێت.
- بەندە بڕۆمە هەر وڵاتێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی فەرهەنگییان دوو پێوەرم هەیە، یەکەمیان پاکوخاوێنی، تەوالیتەگشتییەکان، دووهەمیان ئاستی فەرهەنگی ژیانیانە.
- ژن نەبووایە نە پەیامبەران نە نە ئایینەکانیش نە دەبوون.
- بە لای خەڵکەوە خۆشییەکان جیاوازن، پەیوەندی بە پلەی عەقڵ و جۆری کەلتوورەوەیە.
- لام خۆشەو ڕاوەستاو بمرم، نەک ملکەچی لای نامەردان.
- شیعر بۆ خۆی ڕیتمە، ئاوازە، ئاهەنگە، خۆشترە مۆسیقای تێکەڵ بکرێت.
- ئەوی بتوانێ خزمەتی وڵاتەکەی بکات دەتوانێ بڕواتە ناو سوپا و لەشکری مرۆڤایەتییەوە.
- مۆسیقای سۆفیانە توولە ڕێگایەکە بەرەو بەهەشت.
- هونەر پردێکە بەسەر ڕووبارێکی کەفچڕێنەوە، مرۆڤی بەسەردا دەگوزەرێ...
- هەڵەیەکی سیاسی ئەگەر دووبارە بکرێتەوە وەک وابێت بەربەستێکی ئاو درزی تێکەوتبێت.
- مۆسیقای ئارامبەخش و سەرخۆش ئاوەرە ئیدی چ نیاز بە ئەلکول و بنەماڵەکەیەتی.

- ئەوی لە سەیرکردنی پەیکەرێکدا فێر دەبی لە کتاوێکی دوو سەت لاپەڕەیدا فێر نابی.
- زانست و هونەر دوو برای گیانی بە گیانین و هیچ کەی و هیچ ئایینێک ناتوانێ جیاوازییان بخاتە نێوانیانەوە.
- هونەر تانوپۆی عەقڵ و هۆش و زانست و هەستە ناسکەکانە، بۆیە بە هەمووان ناکرێت.
- حەزرەتی داود گۆرانی دەوت و مۆسیقاشی دەزانی و پەیامبەریش بوو.
- هونەر زمانێکی جیهانییە و زۆربەی میللەتان پێی دەدوێن.
- هونەر هەرگیز مایەی شەڕ و ئاڵۆزی نەبووە.
- هونەر کتاوێکی کراوەیە بە بەرچاوەیە، بە ئاوڕێک دەخوێندرێتەوە.
- ئەوانەی دژ بە هونەرن، گەوجانە لە دونیا بیر دەکەنەوە.
- بازرگانی و کشتوکاڵکردن ئاسانە، هونەر بەهرەیەکی خوداییە بە هەمووان ناکرێت.
- فەرهەنگی مۆمداگیرساندن پڕە لە زەرافەت، لە وڵاتی ئێمەدا مۆم هەر بۆ ڕۆشناییە.
- زۆر کەس سامانی بەدەست هێناوە و نەبووە بە شت، زۆر کەسیش هەن بێ سامانن بەڵام شتن.




- لێبوردن سیفات و خەسڵەتی پەروەردگارە، بۆیە بە هەمـووان ناکرێت.
- بڕێک کەس زۆر شت دەزانن، بەڵام هیچیان بە باشی نازانن!
- ئەوان دەڵێن هێنـدە سـەرگەرمی کـار و کـردەوەم کـاتم نیـیە سـەرم بخـورێنم، دڵنیـابن ئەو کەسـانە هەرگیـز خۆیـان نە خوراندووە یارمەتی کەسێکیان دابێت.
- لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕاستی و ڕاشـکاوی بەلای زۆر کەسـەوە گێلی و گەوجییە.
- سەگ زامەکانی بە زمان چاک دەکاتەوە، بەندە خەمەکـانم لە تەنهاییدا بە بیرکردنەوە چارەسەر دەکەم.
- هەل کەم جار دووبارە دەبێتەوە، لێزان ئەوەیە بیقۆزێتەوە
- وتراوە ڕۆژێک لە ڕۆشناییدا ژیـان، سـەد ئەوەنـدەی تـاریکیی ژیانە، کوردەکە لە مێژدا وتـوویەتی: یەک ڕۆژ بە کەڵەشـێری ژیان سەد ڕۆژ بە مریشکی ژیان دێنێ.
- پەشیمانیم لە کردەوەی ناشایستە مایەی سەرفرازیمە.
- شادترین کاتم ناو کتاوخانەکەمە.
- هەر کتاوێکم دزراوبێت کە دەنـوارمە جێگەکەیـدا پـێم دەڵێـت فلانەکەس دزیویەتی.
- کێشــەو گرفــت زۆرن، لەوانە کێشــەتر هەوڵــی چارەســەریان نەدەین...

- دەڕۆیـتە ژوورەوە دەرگـاکە دامەخە، ڕەنـگە یەکێکـی تـر بە دواتەوە بێت.
- کاتێک کۆشای ڕەزامەندیی زۆردارێک بەدەست بهێنـی، بـزانە ڕەوای مەزڵوومانت پاشێل کردووە.
- ئیدی درەنگە، ئەگەر تا تەمەنی پیری خەڵکت نەناسی بێت.
- مێژوو هەمیشە دەهۆڵژەنی سەرکەوتووان بووە.
- تەواوی میللەتان دەڵێن ئاو مەڕژێنە، ناڵێن فرمێسک مەڕێژە، خوێنمەڕێژە، مێشک مەپژێنە....
- جگە لە خودا: هەرگیـز داوام نەکـردووە ڕەحمـم پـێ بکرێـت، تەمەنام کردووە زوڵمم لێ نەکرێت.
- ئەگەر هیـوا و ئومێـد لە دڵـی مرۆڤـدا نەبـووایە مـرۆڤ چـی کردبایە؟
- بە دوو دێڕ نووسیندا دەزانم کابرا چەندی بە چەندە!
- چاو چەندە جوان و ڕەنگێنە، بەڵام خۆ نەبینە.
- بەڵێ ژن ژنی نەخواردییە، بەڵام زۆر لە پیاوان بۆیان بکرێـت دونیا دەخۆن.
- سـەبر و تەمـووڵ سـیفاتی پیاوچاکـانە، بـۆیە بە هەمـووان ناکرێت.
- ئەوەی چاکەی لەگەڵما کردووبێـت خەو و خولیـام ئەوەبـووە کەی وەڵامی چاکەکەی بدەمەوە.




- لە گۆمی مەند بترسە، گوێ بە هاژە و هوژە و کەفچڕێنی ڕووبار مەدە.
- کەسێک وەک باوەڕ، وەک ئایین ڕێز لە یاسا نەگرێت مەبە دۆستی و لێی دوورکەوە.
- من نە قەرزاری پاشاکانی باپیرم و نە عەشیرەتەکەم، ئەوی پێی قەرزدارم ماندووبوونی خۆمە لە دونیای ڕۆشنبیری و هونەردا...
- ئەگەر زۆربێژی باش بووایە خودا چۆن دوو چاو و دوو گوێی داوەتە مرۆڤ دوو زمانیشی پێ دەدا.
- مردن ئەگەر خراپ بووایە خودا هەموومانی بە زیندووی دەهێڵایەوە.
- کات و زەمان لە جێگەی خۆی وەستاوە ئەوە مرۆڤە پیر دەبێت و دەگۆڕی و کات لە دەست دەدا...
- خۆزگە ڕۆشنبیر و لێدواننووسانی نێو فەیسبووک ئاوڕێکیان لە کتاویش دەدایەوە.
- ئەگەر سنووری خۆی زانی دڵنیابە ئاواتەکانیشی بەو ئەندازەیە یان تۆزی زیاترە.
- میللەتێک هەنگاو بۆ ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری نەنێ، دڵنیابە ناگاتە فەرهەنگی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو.

- خەڵکانێکم بینیوە کاتی مردنیان نەبووە، بەڵام لە ترسان مردوون.
- دەزانی چاو باشترین کلیلی ئاشناییە.
- دۆستایەتی بەرژەوەندیدار مەودای کۆتاییە...
- قەناعەت سەرماییەکی خوداییە و لەبن نایەت.
- مۆسقای خۆش هێز و توانای باڵ و فڕینە و فرە مەودایە.
- عیشق پردێکە لەنێوان خودا و بەندەدا.
- تەمەن زۆر کورتە، مرۆڤ لای وایە مەرگ بۆ خەڵکە و بۆ ئەو نییە و دونیاکە بۆ ئەو هەر وایە.
- فەیسبووک لە وڵاتی ئێمەدا گۆڕەپانێکی بەرینی بەدناوکردنە، لە وڵاتانی فەرهەنگداریشدا نیعمەتێکی خوداییە.
- ئازادی هەرگیز نەدراوە، بەڵکوو وەرگیراوە.
- ژیان لە مەرگ پڕ لە مەترسیدارترە، کەچی مرۆڤ تەنها ترساوی مەرگە، ئەی ژیان؟
- بەرهەمی باش داینەمۆی بەردەوامییە.
- ناو و باوی بێ بنەما وەکوو پووشکەی بەر ڕەشەبایە.
- زۆر شت لە وڵاتەکەمدا ناڕەوایە، وا بڕوات دەور دەوری برنجی مەحموود و ئاوەتەماتەی ئاڵتوونسایە!
- چرا بە دەست ئەگەر ڕێچکەی هەڵنەگریت پات هەڵدەکەوێ.




- ئێمە بەردەوام خەریکی گرفتەکانی ژیانین، کەم فکر لە مردن دەکەینەوە.
- دەستەڵاتەکان هەر چەندە بەهێزن، سەرەنجام لەناو دەچن.
- شیعری " لە خەو هەستن میللەتی کورد"ی ئەحمەد موختار جاف هەر وەک خۆی ماندەرە، پەیکەری ئازادی لە نیۆرک شانازی بە زەمان دەفرۆشێت، بورجی ئیڤڵ چەندان دەستەڵاتی دیوە و ناونابرێن، کەچی شیعری ئەوانە سەرمایەی بەشەریەتن.
- ڕق و کینە و دەمارگرژی خەسڵەتی میللەتانی بێ فەرهەنگە، کەی دەگەینە فەرهەنگێکی پێگەیشتوو، نازانم!
- لە دونیای ڕۆشنبیریی ئێمەی ئێستای کورددا ڕەخنەی سازندە کەم دەبینرێت، تەواوی جوانییەکانی ڕەخنە بووەتە قوربانی ململانێی حزبایەتی و شارچێتی و دەڤەرچێتی و زۆر چینی تر.
- بۆ زاڵبوون بەسەر درۆ و دزی و دەخەڵیدا هەمیشە کات لە بارە و بە درەنگی مەزانە.
- کێ دەڵێت ژیان لە بەرزەخدا لەم دونیایە خۆشتر نییە؟
- مەرگ و مردنم لا ئاسانترە تا گەمژە و نەخوێندەوارێک بەرێوەم بات.

- مردن لە ژیان ئاسانترە، ئێمە ناتوانین نەمرین، ژیان هێندە مەرجەکانی سەختن کەم کەس بۆی ئەنجام دەدرێت.
- بۆیە کەم لە مەرگ دەترسم دڵنیام ئەو دونیا لەمەی ئێمە خۆشترە.
- خۆزگە لە وڵاتەکەمدا تەرازووەکانم نە خوار دەدی نە خێچ و بە وردی کەیلەکان هەڵدەبژێردرا.
- ددان بە هەڵەی خۆدانان پۆپەی پیاوەتییە.
- تۆمارکراون، جەبباران کەی و چۆن کتاویان سووتاندووە، هەتا وەکوو سەلاحودینی ئەیوبیش.
- لە پێش کۆرۆنا لام وابوو مرۆڤ گەیشتووەتە پۆپەی زانست، کەچی دەرکەوت زەبوونی دەستی ڤایرۆسێکە.
- دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە دەرگاکانمان لێ داخراوە، نە خەڵک بۆمانی کردووەتەوە نە خۆمانیش توانیومانە بیکەینەوە.
- داربەڕوو بەسەر دڵی تەختە سەنگەوە دەڕۆیی، کەچی ئێمەی کورد لە پێش زەردەشتەوە تا بە ئەمڕۆ بێ دەوڵەت و حاشیەنشینین، ناشێ بیخەیتە سەر میللەتانی دەورودراوسێمان؟
- ئێمە کورد مێژوونووسمان نییە، بۆیە ئاگاداری دۆست و دوژمنەکانمان نین، بەرەکەت کەن مێژوونووسانمان!

- گرفتـی نەزانـین زۆر لەوە کەمتـرە وا خـۆت بە زانـایەکی بـێ هاوتا بزانیت.
- لە وڵاتی ئێمەدا پەیکەر بـۆ کەس ناکرێـت تـا بڵـێن بـۆ بـۆی کراوە، یان بۆ بۆی ناکرێت؟
- بۆم گرنگ نییە تۆ بە ڕاستگۆم بزانی یـان نـا، گرنـگ ئەوەیە درۆ لەگەڵ خۆم و خەڵکدا ناکەم.
- مرۆڤ تا هەڵسوکەوت نەکات گرفتەکانی ژیان نازانێت. کـورد دەڵێـت:
- سوار تا نەگلێ نا بێتە سوار.
- مـن پەیـکەر لە ئاسـن دەکەم تـا پەیکەرشـکێن بە ئاسـانی نەتوانێ بیشکێنێ.
- بەکـاربردنی بڕێـک وشـە و واژەی بیـانیی ناپێویسـت لە ئەدەبیاتـدا یـان بە کـاربردنی بڕێـک حـاڵەتی نـا هـونەری لە هونەردا گاڵتەکردنە بە خۆت و خەڵک.

## خۆم بەر قەرزاری کتاوخوێندنەوە دەزانم!

لە مێردمنــداڵییەوە خولیــام کتــاو خوێنــدنەوە بــووە، تــا ئەو تەمەنەیــش ئەو دۆســتایەتییەم لەگەڵ کتــاو و خێڵــی کتــاودا بەردەوامە، چۆن لەش و ئەنـدامم لە ڕووی بـایەلۆژییەوە نیازیـان بە خــواردن و خــواردنەوە هەیە هەروایــش ڕۆحــم نیازمەنــدی خوێنــدنەوەی ئەدەبیــاتی بەرز و سوودبەخشــە، گــوێم عاشــقی نەواوی خۆشە، چـاوم نیازمەنـدی ڕەنگئـامێزی تابلۆکـانە، قەد و قامەتی پڕ لە زەرافەتی پەیکەرەکانە، هەست و هەستیم پڕن لەو بوارانە و تێرخواردنیان بۆ نییە. بۆیە پەیوەسـتە خەریکـم و لام وایە ژیان هەر ئەمڕۆیە و سبەیەک لە کاردا نیـیە.... بـۆیە کـاتم لە خۆڕا بە هەدەر نادەم و وەک تازە کارێـک ڕۆژانە لە تەقەلادام و هەسـت بە مانـدووبوون نـاکەم و سـەری تەعـزیم و سـتایش لە عاســتی کتێــب و خێــزانەکەی و هــونەر و تیــرە و تــایفەکەی دادەنوێنمەوە و سوپاسگوزاریانم.

ئەگەر توانا و زەرافەتێکی ئەدەبـی یـا هـونەری لە فکـر و زکـری بەندەیدا هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی وا باسیانم کرد.

ماڵیان ئاوا !

خوسرەوجاف




# کتاوی ئاوارە

دوو بەرگ کتاوی "ئاوارە"ی باوکم لە دوای مردنی بە چاپ گەیاند، ڕۆژێک حەمید سەعیدی شاعیر و نووسەری ناسراوی عەرەب تەلیفۆنی بۆ کردم و وتی: ئەمڕۆ وەرە لام، ئاخر ئەو وەکیل ئەقدەمی وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراق بوو.

من لەگەڵ ئەو پیاوەدا دۆستایەتییەکی زۆر بەهێزم هەبوو، جگە لەوەی شاعیر بوو، وەکیلی وەزیری ڕۆشنبیری عێراق بوو، لەپێش نیوەڕۆدا ڕۆیشتم بۆ لای، هەرکە دانیشتم وتی: لە گرفتێکی گەورە ڕزگارم کردووی...

پێم سەیر بوو، دەبێ چ گرفتێک بووبێت وەها بە گەورە ناوی دەبات، زۆر لە نیگەرانیدا نەیهێڵامەوە و وتی: کتاوێکی ڕەسمی لەلایەن تەها یاسین ڕەمەزانەوە نووسراوە بۆ وەزیر دەربارەی کتاوەکەی باوکت"ئاوارە"، کەوا ئەو کتاوە پڕە لە نووسراوی دژ بە " حەملەی ئیمانی" سەدام حوسێن، وەک دەزانی "همام"ی وەزیر جەنابتی زۆر خۆش دەوێ، بە منی وت:

کارێکی وا بکە کاک خوسرەوجاف ئازاری پێ نەگەیەنن، وەک وتم: کتاوەکە ڕەسمییە و بە ئیمزای شەخسی تەها یاسین ڕەمەزانە.

تا ئەو حەلە نەمدەزانی "شئوونی شیمال" لە لایەن تەها یاسین ڕەمەزانەوە دەبرێ بە ڕێگەوە، لەوەیش سەرم سووڕما، کتاوێک لە چاپدراوە چ پێوەندییەکی بە تەها یاسین ڕەمەزانەوە هەبێ. هەر ئەو پرسیارەم لە حەمید سەعید کرد، لە وەڵامدا وتی: بێگومان هەر لەلایەن کوردەوە ئەو بابەتە گەیشتووەتە تەها یاسین!

پرسیم ئەتوانی پێم بڵێی کێ لە پشتی ئەو ئیخبارەیە؟

وتی فلانی ناتوانم پێت بڵێم، ئەوە بزانە لە لایەن عەرەبەوە ئەو کارە نەکراوە، ئەوەی ئەو گۆبەنی دروست کردووە کوردی لای خۆتانە.

وتم باشە من ئێستا چیم بەسەر دێت؟

وتی: وەڵامەکەم داوە بە "شئوونی شیمال" تیادا نووسیوە، ئەوەی دەربارەی ئەو کتاوە "ئاوارە" نووسراوە. شتێکی ئەوتۆی تیادا نییە، ئەگەر بڕۆیتە شەقامی " موتەنەبی" سەدان و بگرە هەزاران کتاو شتی وایان تیادا نووسراوە، کە تەرجوومەکەیم




خوێنــدەوە لە چــاو ئەو کتــاوانەی لە "مــوتەنەبی"دان هەر هــیچ نەبــوو، ئــێمە وەک چاوســاغانی ئەم بــوارە ئەو ئیخبــارییە ڕەت دەکەینەوە. لە ڕۆمان و گێڕانەوەیشدا ئەم بــابەت ئاســاییە. ئەوە یەک، ئەگەر بە وردی لە تەلەفزیـــۆنی "شـــەباب" وردبیـــنەوە، گەلێک دیمەنی سێکسی بێ پەروا و کراسی داماڵاوی ڕۆژانە بــڵاو دەکــاتەوە، ملیۆنەهــا بیــنەر دەیبیــنن، ئەو کتــاوە ســەرجەم چوارسەد کەس ڕەنگە بیخوێننەوە. بۆیە ئێمە ئەو ڕوونکـردنەوە و داوایە ڕەد دەکەینەوە.

دووبارە داوام کرد نــاوی ئەو کەســەم بــداتێ، بەڵام کــاک حەمیــد نەڕۆیشتە ژێر باری داواکەم، سوپاسێکی زۆرم لێ کرد و وتم: تۆ برای، منت لە دە دوانزە ساڵ زیندان ڕزگار کردووە.

دەی ڕۆژ گــــوزەرا و مــــانگێکی پێچــــوو مــــن لە ئۆفیســـەکەم سەرگەرمی کار بووم، چوار زەلامی ڕەشـتاڵەی بـازووڵە ئەسـتوور هاتنە ژوورەوە، یەکێکیان هاتە پێشەوە و وتــی: ئــێمە لە ئەمنــی گشتییەوە هــاتووین وەرە لەگەڵمــان، وتــم دەتــوانم پێناســەکەتان ببینم؟

بۆخــۆی شــکڵ و شــەمایل و ڕەفتــاری "ئەمــن" حەی عەلاســەت دیاربوو، بەڵام بۆ دڵنیایی ئەوەم وت.

وتــی: ئەوە هەویەکەم، بەڵام بۆ ئەو داوایەت کرد؟

وتـم: کـێ دەڵێـت ئێـوە عەسـابەنین، هەمـووی دووسـاڵ نابێـت زاوەکەمیان فڕاندوو و دوای ئەوەی دووسـەت هەزار دۆلاریـان لـێ سەندم کوشتیان.. ئێستا هەقی خۆمە ئەو داوایە بکەم.

یەکسـەر بردمیـانە لای کـابرایەک، دوایـی زانـیم نـاوی " عەمیـد یاسین"ـە، خوا هەڵناگرێ ئەو کابرایە ڕێزی لێ دەگـرتم ترسـێکی خـراو ڕووی تـێ کردبـووم، ئـاخر بە نهێنـی پەیوەنـدیم لەگەڵ پارتیدا هەبوو، ساڵ ساڵی ١٩٨٩یە بە ئاگر لەسـەر پشـتی هەر کوردێـک دەکەنەوە شـتێکی وا هەبێـت، وتـم: باشـە مـن چـیم کردووە وا بەم شێوەیە منتان بۆ ئێرە هێناوە؟

کابرا وتی: من نازانم! "مودیر عام" تۆی دەوێت!

لە فکری خۆمەوە لەوە دڵنیابووم تۆمەتەکەم گەلێک گەورەیە.

بەهەرحاڵ دامیان لەبەر بۆ ساختمانێکی تـر، لەگەڵ خۆمـا فکـرم دەکردەوە: کاک خوسرەو ئەمشەو بە پانکە هەڵت دەواسن!

بردمیـانەوە ژوورێـکەوە، دیـاربوو کـابرا سـکرتێرە، بەڵام نـووری مـحەمەدی تیـادا نەدەبینـرا، چەنـد چـرکەیەک ڕایـان گـرتم و بردمیـانە ژوورێکـی پـانوپۆڕی ڕازاوە چەنـد تەلەفۆنێـک بەسـەر مێزێکەوە بوو، بیرمە یەکێکیـان ڕەنگـی سـووربوو. مـن لەچەقـی ژوورەکەدا وەک میل ڕاوەستام.

کابرا بە نووسینەوە خەریک بوو، سەری بەرز کردەوە و نەڕاندی بەسەرما: " کوڕە بۆ ڕەحمەت دانانیشی!"

فکرم کردەوە تازە تیاچووم، ئەوە "مودیری عامی" دەزگای ئەمنی عێراقە و بچووکترین سزا لێرە مەرگە بەتایبەت بۆ کورد.

هێز و گوڕم دایە بەرخۆم و وتم: من هیچ شتێک لە خۆما شک نابەم و نازانم بۆچی هێنراوم بۆ ئێرە؟

دیسانەوە بە قیرە و نەڕەیەکی بەرزتر وتی: چیت کردووە؟

دەستی برد، کتاوەکەی باوکمی بەرز کردەوە و وتی: ئەم تورەهاتەت چاپ کردووە و دەشڵێی چیم کردووە؟

کەزانیم تۆمەتەکە سیاسی نییە و کتاوەکەی باوکمە باوەڕبەخۆ بوونم سەد بەرانبەر بوویەوە... ئینجا هەر بە تووڕەوەبوونەوە وتی: وەڵا وەڵا! لەبەر عەشیرەتی جاف نەبووایە، دەساڵ دەمناردی بۆ " زیندانی " ئەبووغرێب".

لە وەڵامیدا وتم: خۆ من هیچم نەکردووە، ئەگەر لەبەر عەشیرەتی جاف نامنێرن، من نامەوێ مەدیونی عەشیرەتەکەم بم، تکا دەکەم ئەوەی پێت خۆشە بیکە.

وتی: سەیر لەم زمانی درێژیەی!

وتم: مامۆستا من زماندرێژی ناکەم، ئەوانەی ئەو زانیارییەیان داوەتە جەنابت لە پێش تۆدا ناردبوویان بۆ "شئوونی شیمال"، ئەوانیش بە درۆ و ڕاستی و هەڵسەنگاندن ناردبوویان بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەگەر ئەو کتاوە هەر شتێکی تیادا بایە هەر نەبێ کۆیان دەکردەوە، تۆمەتەکە ئەوەندە پڕوپووچ بووە هیچ مامەڵەیەکیان لەگەڵدا نەکردووە.

وتی: تۆ لەوەی وتت دڵنیاییت؟

وتم: جەنابت دەتوانی لە وەزیری ڕۆشنبیری بپرسیت، ئینجا درۆ و ڕاستی منت بۆ دەردەکەوێت.

دەستی بۆ تەلەفۆنە سوورەکە برد و وتی: وەزیری ڕۆشنبیرم بۆ وەرگرن.

زۆری نەخایاند دوای چاک و چۆنی مەسەلەکەی بە وەزیری ڕۆشنبیری وت. من شەخسی وەزیری ڕۆشنبیرم دەناسی — دیزاینی ناوماڵەکەیم دروست کردبوو، تا تەواوم کرد دوو مانگی کێشا و دووسێ ڕۆژ جارێک دەمدی، ئیتر پێوەندیم لەگەڵیا پتەو بوو- بەڵام هەر دەترسام، ڕۆژەکە " سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە" تەلەفۆنەکەی دانا و ئاماژەی کردوو و وتی: دانیشە!

دانیشتن لە قەساوخانەیەکی وادا نیشانەیەکی باشە، یەکێک هاتە ژوورەوە و مودیر وتی: برۆ قاوەی بۆ بهێنە.

قاوەیان هێنا و دەستم بۆ نەبرد. وتی: قاوەکەت بخۆرەوە.

وتم: نایخۆمەوە، تا بەڵێنم نەدەیتێ.

وتی: بڵێ، بزانم دەتوانم بەڵێنت بدەمێ.

وتم: بەڵێنم بدەرێ ئیدی لەسەر قسەی پڕوپووچی "موخبر" چیتر نەمهێنن بۆ ئێرە!

ڕووی کردە کابرا وا لەسەرەتاوە بردوومیانە لای و وتی: عەمید یاسین، بۆ لەمەولا ئەم پیاوە مەهێنن بۆ ئەمن، مەگەر بە تۆمەتی خیانەتی گەورەی دژ بە وڵات نەبێت.

وتم: مامۆستا هەر دەمهێنن!

هەر بە تووڕەبوونەوە وتی: تۆ کابرایەکی سەیری، یانی چی وادەڵێیت؟

وتم: مامۆستا جەنابت ئەمڕۆ لێرەی، سبەی یەکێکی تر لە جێگەکەی تۆ دایە و بۆیە دەڵێم هەر دەمهێنن، جا بۆ ئەوەی نەمهێنن بیکە کتاوێکی ڕەسمی، با لە لای "عەمید یاسین"وە بێت.

نەختێک مۆرەی کرد و ئینجا وتی: بیکە کتاوێک و بۆم بهێنە تا واژووی بکەم.

ڕۆژ هات و چوو، دەستەڵاتی بەعس لە بەغدا هەڕووژا، من ئەحمەد چەلەبی نەبێت کەوا چەکدارمان بەدواوە بوو هەویەی ئەمریکایەکانیشمان هەبوو، ساختمانی موخابەڕاتی "کەرخ"م وەک مەقەڕ داگیرکردبوو، هەستام ڕۆیشتم بۆ ماڵی " حەمید سەعید" وتم: هەر کارێکت بوێت دەیکەم. بتەوێ پاسەوانت بۆ دادەنێم، بتەوێ بتبەم بۆ ماڵی خۆمان ئەوەیش دەکەم.

وتی: ئەگەر بتوانی بمگەیەنیتە " ئوردن".

وتم: کەی دەڵێیت بەسەرچاو...

وتی: سبەی.

بە سبەینێدا بە دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار بەرەو ڕومادی وەڕێ کەوتم، لە ڕێگا مەفرەزەیەکی پۆلیس پرسی: بۆ کوێ دەچن؟

وتم: براکەم لە ئەورووپا پەنابەری سیاسییە و ئەوەسا دێتەوە، دەڕۆمەوە پیریەوە، کابرا سەلامی کرد و کاتژمێر یەک و نیوی نیوەڕۆ حەمید سەعیدم کردە ئەو دیوا و گەڕامەوە.

هەفتەیەک دوای ئەو مەسەلەیە، کابرایەک هات بۆ مەقەڕەکەم و وتی: شتێکی گرنگی تۆ لای منە، دوو هەزار دۆلارم بدەرێ، بۆت دێنم.

باشە ناکرێ بزانم دەربارەی چییە؟

جا بڵێم ئیدی دوو هەزار دۆلارەکەم تیا دەچێت.

ئەوەت لایە یان دەڕۆیت دەیهێنیت.

وتی: لەبەر ئەوەی باشت دەناسم دڵنیام زۆرم لێ ناکەیت، ئەوەم پێیە.

فەرموو ئەوە دوو هەزار دۆلارەکە، فایلێکی لەبندەستی دەرهێنا... ڕوانیم فایلەکە هی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، هەمان نامەی تەها یاسین و هەمان نامەی موخبیر و هەمان نامەی شێخ جەعفەری بەرزنجی تیادایە، کە ئەو دەم رەئیسی مەجلیسی تەنفیزی حوکمی زاتی بوو.

شێخ جەعفەر بەرزنجی پیاوێکی ئومی بوو، نە ئەهلی کتاو و نە ئەهلی خوێندنەوە بوو، دووسێ توولە و تانجی لە دارولسەقافەی کوردیدا هەبوو، نامەوێ ناویان ببەم ئەوانە ئەو ئیخباریەیان دابوویە شێخ جەعفەر. وەنەبێ شێخ جەعفەر هەر ئەوەی دەرهەق بە من کردووبێت، کاتێک نەبەردی شەهیدی برام لەگەڵ

دوو سەت کەسدا ڕۆیشتە ناو شۆرشەوە یانزە ڕۆژ من و کیسرای برام بە چاو بەسرایی لە زیندانی تاکەکەسیی دابووین.

ئەگەر خوالێخۆشبوو " عەدنان خەیروڵڵا" نەبوایە، کە خزمانم ڕۆیشتن بۆ لای، ئێستا من و کیسرا ئیعدام کرابووین.

ئەو فایلەم پاراستووە لە هیچ رۆژنامە و گۆڤارێکدا بڵاوم نەکردووەتەوە ئەو موخبیرانەیش دەناسم لەبەر چەند ئیعتیبارێک تۆڵەم لێیان نەکردووەتەوە.

گرفتی من و کتاو و دونیای ڕۆشنبیری خۆزگە هەر ئەمە بایە، شانامەیەکە بۆخۆی بڕیارم داوە وردە وردە بیاننووسمەوە، هەر نەبێت لە کتاوچەی "من و خۆم" چەند دانەیەکیان دەخەمە بەرچاوی خوێنەواران.

- سەرەتای هەرووژانی ڕژێمی سەددام خەڵکانێک بە دوای دزی بانک و ئۆتۆمبێلی دەوڵەت بوون، ئەگەرچی چل چەکداری کوڕی ئازام لەگەڵدا بوو، ڕۆیشتمە خانووبەرەی دائیرەی هەندەسە، دیوانی سەرۆکایەتییەوە، کتاو لە زەویدا پەخش و بڵاوبوون. نەخشی پێڵاوی دزەکان بەسەر زۆر لە کتاوەکان نەخشیان بەستبوو، هەموویانم کۆکردەوە کە ژمارەیان دوو هەزار و سەد بەرگ کتاوبوو، لە کتاوخانەکەمدا پارازتوومن.

## شیعر بۆ حەزرەتی حوسێن

سەردەمی سەددامە، دەعوەتیان لێ کردم بۆ شاری کەربەلا بۆ بەشداریکردن لە میهرەجانی شیعری. یەک دوو برادە وتیان فلانی نەڕۆیت باشترە، نەکا گرفتێکت بۆ دروست بکەن، من لە ئیخباریەی موخبیرەکان نە دەترسام، بەڵێنیان پێ دابووم لەسەر ئیخباریەی ئەو جۆرە کەسانە پەلکێش نەکرێم.

بەهەرحاڵ، بە گوێی ئەو برادەرانەم نەکردوو و ڕۆیشتم. خوا هەڵناگرێت ڕێز و قەدرێکی زۆریان لێ گرتم. بەتایبەتی دوای ئەوەی شیعرەکەم خوێندەوە کە دەربارەی حەزرەتی حوسێن و ڕووباری فورات نووسی بووم. لە دواییدا هەم شیعرەکە و هەم وەرگێڕانەکەی بۆ سەر عەرەبیتان دەخەمە بەر دەستتان.

ساڵ ساڵی ١٩٨٦ـە، توندوتیژیی دەوڵەت و دەستەڵات هێڵە دەکات، نەک تەنها لە بەرانبەر کورد، بەڵکوو بەرانبەر شیعەکان زیاتر. دوای دوو هەفتە یەکێک لە خزمانم وتی: وابزانم لە موخابەراتەوە تۆیان دەوێ، ئەمەیش ژمارە تەلەفۆنی ئەو کەسەیە.

بەو خـزمەم وت: ئەگەر دەزانـی دەمگـرن و تووشـی پەتپەتێـنم دەکەن، با بڕۆمە ناو شۆرشەوە.

وتـی: پـێم وا نیـیە وابێـت، ئەگەر وابـایە بە منیـان نە دەوت و بۆخۆیان دەهاتن و دەتیـان گـرت. لە یەکـم دایەوە ئەوانە هێنـدە ناسکڕەفتار نین، ڕەنگە مردن و گرتنی تیادا نەبێت، تەلەفۆنم بۆ ئەو ژمـارەیە کـرد و پێـی وتـم: سـبەی نـاوت لەبەر دەرگـایە و کاتژمێر یانزەی بەیانی چاوەڕوانم.

تەواوی شەو فکرم بە لای سبەینێوە بـوو داخـۆ چـیم کـردووە... دەی لەسەر کات ڕۆیشتم و دامیان لەبەر بردمیانە لای کابرایەک، زۆری نەکێشا دوو کەسی تریش هاتن.

کـابرای یەکەم چەنـدان ئەوڕاقـی لەبەر دەسـتابوو، یەکێکیـانی هەڵگـرت و دەسـتی بە خوێنـدنەوەی کـرد، ڕوانـیم هەمـان هەڵبەسـتە کە مـن لە کەربەلا بـۆ حەزرەتـی حوسـێن و ڕووبـاری فوراتا نووسی بووم.

مـن و ئەو دووانەکە بێـدەنگ بـووین تـا تەواوی شـیعرەکەی خوێندەوە. ئینجا ڕووی کردە من و وتی:

کاکە! توو شەڕەفت هیچ ئاخوندێکی شیعە هەڵبەستێکی وای بـۆ حوسێن نووسیوە؟

یەک لە هەزار بە منی بسەلمێنە هۆکاری ئەم شیعرە چییە؟

لەو میهرەجانەدا، یەک کەس نەیوێراوە ناوی حوسێن بهێنێ، کەچی تۆ زۆر بە ئاسانی هەیبەتی دەوڵەت و دەستەڵاتت شکاندووە، لەبەرچی ئەم شیعرەت نووسیوە، ناوی دەنەی چی؟

وتم: من شاعیرم و دەزانی کە شیعەیش نیم و زۆریش پابەندی مەرجەکانی ئایین نیم، بەڵام باوەڕم بە کەسایەتی حەزرەتی حوسێن هەیە، وەک شۆڕشگێڕێک.

وتی: هەر ئەوەندە؟

وتم: خۆ حزبی دەعوەیش نیم!

وتی: ئێمە دەزانین تۆ پابەندی ئایین نیت و بەزمی خواردنەوە و شتی ترت زۆرە، بەڵام پێت ڕادەگەینم ئەمە دواهەمین جارت بێت لەم بابەتەی بنووسیت.

وتم: باشە بۆم دابین کەن دەربارەی چی نەنووسم.

وتی: وانا، وەرە ئەو تەعاهوودەمان بۆ ئیمزا بکە، لێی لادەی خراپت پێ دەکەین. ئەمنیش ئیمزام کرد.

با ئەوەیش بڵێم لە کەربەلا دوای خوێندنەوەی هەڵبەستەکەم، یەکێک هاتە لامەوە و وتی: ئەو شیعرانەی بۆ حەزرەت دەنووسرێن ئەگەر لە ئاستێکی بەرزی ئەدەبی دابن، ئێمە لە

کتاوخانەی تایبەتی حەزرەتدا دەیپارێزین، جا ئەگەر دەکرێ ئەو هەڵبەستەمان بدەرێ.

# حوسێن و فورات

## نەعلەکانت داکەنە تۆ لە دۆڵێکی پیرۆزدای

لێرەدا پەرچەمی زوڵم شەکایەوە
حوسێن بەبێ کەس مایەوە
هەر لێرەدا بوو بانگەوازی زۆر و زەوت
هەر لێرەدا خوێن بەسەر شمشێردا سەرکەوت
بەڵێ تۆ لە دۆڵی پیرۆزی
لە سارای خوێناوی پڕ سۆزی.
فورات سەری شەرم دانوێنە و بڕۆ زوو
مەگەر نابینی کەژاوەی خوێننی مێژوو؟
زۆرتر لە هەزار ساڵە ئەو زامە
تا بە ئەمڕۆ خوێنڕێژیەکەی بەردەوامە
فورات هاژەی چیتە کەف دەچەڕینی
تۆ کە لێوی حوسێنت تەڕ نەکرد
بە چ ڕوویەکەوە خۆلوول دەدەی و دەنوێنی
شەرم لە خۆت ناکەیت؟
دیارە ڕۆژگارەکە ڕۆژی بێ شەرمانە!

## من و کۆڕی زانیاری

بێ ئەوەی بۆی کۆشابم، یان داوام کردبێت کرابوومە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق بەشی کوردی... لە ڕاستیدا زۆر لە نووسەرانی کورد ئاواتەخوازی ئەو جێگەیە بوون. ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەیان دیاری کردبوو، هیچ جۆرە زانیارییەکم دەربارەی تازە هاوەڵەکانم نەبوو، کەوا کێی تری هەڵبژێردراون... کە رۆیشتم بۆ کۆڕ ئەمانەی خوارەوەم بینی، ئەوانیش وەک من هەڵبژێردرابوون:

دکتۆر جوامێر — سەرۆکی کۆڕ.

دکتۆر فواد حەمە خورشید- ئەندام.

خوسرەوجاف- ئەندام.

دکتۆر وریا- ئەندام.

جەمال بابان ئەندام.

پیریادی

یەکەمین کۆبوونەوەمان بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی کۆڕی زانیاریی عێراق "دکتۆر ناجح ڕاوی" ئەنجام دا.

کابرا پیرۆزبایی لێ کردین کەوا لە جێگەیەکی وا پیرۆزدا بووین بە ئەندام، ئیتر هاتە شان و باهۆی پێگەی کۆڕی زانیاریی عێراق. لە کۆبوونەوە بۆم دەرکەوت ئێمەی ئەندامانی "کۆڕی زانیاریی کورد" جگە لە دکتۆر جوامێر کە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراق و سەرۆکی زانیاریی کۆڕی کورد بوو، ئەندامی کارا نین، یانی ئێمە لە ئەندامە عەرەبەکان پێگەمان پاین تربووین...

ڕاستی لە کۆبوونەوەی دووهەمدا ئەوەم بۆ دەرکەوت، زۆری پێ ناڕەحەت بووم، بە دوای بەهانەیەکدا دەگەڕام تا واز لەو کۆڕەی بهێنم. ڕۆژ هات و چوو، دکتۆر جوامێر وتی: کۆبوونەوەی داهاتوو دکتۆر "ناجح ڕاوی"مان لەگەڵ دەبێت، بکۆشن ئامادەبن.

ئیدی دکتۆر هات و وەک ڕابردوو کەوتە تاریفکردنی پێگەی ئێمەی ئەندامان، نەمهێڵا وتەکانی تەواوکات و قسەکەیم بڕی و دکتۆر جوامێر هاتە نێوانەوە، بە حاڵەتێکی نەختێک تووڕەبوونەوە وتی: فڵانی قسەکەی پێ مەبڕە!

وتم: دکتۆر جوامێر خۆ من قوتابیی تۆ نیم تا ڕووخسەتت لێ وەربگرم تا بڕۆم بۆ تەوالیت! ئینجا ڕووم کردە دکتۆر ناجیح و

وتم: دکتۆر ئێمەی کوردی ئەندامانی کۆڕ، وەک ئێوەی عەرەب ئەندامی کارا نین بۆ؟

کەوتە مینجەمینج و نەیدەویست بڵێیت ئەوە بەدەستی دیوانی سەرۆکایەتییە و ئێمە دەستەڵاتی ئەوەمان نییە، من ئەوەم دەزانی بەڵام لەوێڕا دیوانی سەرۆکایەتی و دەوڵەت و دەستەڵات بەلای منەوە " دکتۆر ناجح" ڕاوی بوو. بۆیە وتم: دکتۆر باش گوێم لێ بگرە:

من بایەلۆژیەن لە تۆ جوانترم، لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە ئەگەر لە تۆ باڵاتر نەبم نزمتر نیم، جا هیچ مایەی شانازیم نییە لەژێر ئەم بنمیچی کۆڕی زانیاریەیدا بەردەوام بم. لە پێشدا نامەی دەستلەکارکێشانەوەم نووسی بوو، هەستام نامەکەم دایێ و بێ خواحافیزی لە هۆڵەکە وەدەرچووم.

ئەمەی کە خوێنتەوە لەو ڕۆژەیدا – سەردەمی سەدام- هەر بە زمان ئاسانە. زۆر کەس لەسەر زۆر لەوە کەمتریش بیست ساڵ زیندان و ئیعدامیش کرابوون. سوپاس بۆ خوا ئەو برادەرانە وا وەک من ئەندام بوون یەشتا ماون و ئەمەی قسەی پاش مردن نییە. لەبەر ئەوەی لە مێژووی کۆڕی زانیاریدا کەس دەستی لە کار نەکێشاوەتەوە. ڕۆژنامەی " الجمهوریە" کە زمانحاڵی دەوڵەت بوو، هات لەگەڵما دوا، منیش هەمان وتوویژم دووبارە کردەوە و




بڵاویش بوویەوە بە مانشێتی:" یەکەمین کەس لە مێژووی کۆڕی زانیاریی عێراق دەست لە ئەندامبوونی ئەو کۆڕە دەکێشێتەوە".

من ئەو کارەم کرد بۆ پاراستنی مافی ڕەوای خۆم و ئەندامانی کۆڕ و پێگەی میللەتەکەم، کەچی یەکدوانێک کە بۆخۆیان خەت مایل بوون، لە برِێک لە جێگەیدا وتبوویان کاک خوسرەوجاف تیژپەڕی کردووە و ئێمەیشی خستە مەترسییەکی گەورەوە. بۆ ئەوەی لە خۆیان پرسی بێت کام مەترسی؟

تۆ وەک (بت) ورتەت لە دەمەوە بەدەر نەهات، ئیدی ترس و تۆقیانت لە چی بووە؟

لەوە گوزەشتە، تۆ سەرشۆڕیت لا عەیب نییە و پێت دەکرێت، من سەرشۆڕی بۆخۆم و میللەتەکەم قەبووڵ ناکەم، وەک بینیت نەمکرد.

## نەمهێڵا "دارولئافاق" تاڵان بکرێت

لە سـەردەمی سـەدامدا پەیوەنـدیم لەگەڵ ئودەبـا و ڕۆشـنبیرانی عەرەبـــدا زۆر بەهێـــز بـــوو، لە زۆربەی گرفتارییەکانیانـــدا بە دەمیانەوە بووم.

ئیدی ڕژێمی بەعس هەڕووژا و دزی و تـاڵان و چەپـاو لە تەواوی شاردا دەستی پێ کـرد، بەتـایبەت شـاری بەغـدا. یەک دوان لەو نووسـەرانە هـاتن و وتیـان زانیاریمـان لایە " دارولئافـاق" تـاڵان ئەکەن، وەک دەزانی ئەوە شاری ڕۆشنبیرانە و مەهێڵە ئەو کـارە بکەن.

وتم: جا ئەوە بە من چۆن دەکرێت؟

وتیان بە جەنابی مەسعوود بـارزانی بڵـێ تـا ئەمریکییەکـان دوو دەبابە لەوێ دانەن.

فکرەکەم بەلاوە پەسند بوو، سەرۆک گەیشتبووە بەغدا، داواکەی ئودەبـای بەغـدام پـێ گەیانـد، لە وەڵامـدا وتـی: مـن دەتـوانم بە ئەمریکییەکان بڵێم و داوای ئەو کارەیان لێ بکەم، بەڵام نایکەم، چـونکە دەزانـم هەفـتەیەک لەوێ دەبـن و بەبـێ ئاگـاداری ئـێمە ئەوێ بەجـێ دەهـێڵن. ئەودەم تـاڵان دەکرێـت و نـاوی ئـێمەیش

دەکەوێتە ناوانەوە، جا من ئەو تەڵەبە لە ئەمریکییەکان ناکەم، بەڵام لێت دەپرسم تۆ دەتوانی ئەوێ لە تاڵان بپارێزی؟

وتم: مەسەلەکە ئاسان نییە، بەڵام جەنابت ئەمر بکەیت ئەو کارەی دەکەم.

وتی: برۆ بیکە...

چووم چەند لافیتەیەکم بە دەوروبەری ئەو موئەسەسەیە داکوتا، تیادا نووسرابوو: ئێرە لەژێر چاودێری پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەوەی بە خەیاڵی دزیەوە دێت خوێنی لەسەر خۆیەتی، تا دەتوانی لێرە نزیک نەبێتەوە.

لەو لافیتانەم سی چل دانە نووسی و بە دەرودیواردا دامکوتا و یانزە کوڕە جافی ئازام هەڵگرت و دەستم گرت بەسەر شاری خوێندەواراندا. زیاتر لە چل ئۆتۆمبیلی تیادا بوو، سەدان ڕۆڵەی کاغەز، چەندان بەنگەلەی گەورە، هەموو جۆرە ماشین و ئالاتی چاپەمەنی تیادا بوو.

ڕۆژێک دوو سەیارە هاتنە بەر دەرگە، چوومە دەرەوە بۆیان وتیان: ئێوە ڕۆژنامەی تەئەخیتان دەست بەسەردا گرتووە، دەتانەوێ ئێرەیش ببەن، لە وەڵامدا وتم: دامودەزگای ئەتاخی

بەپێی قانوون موڵکی بارزانییە، داگیرکرابوو گەڕاندمانەوە بۆ خاوەنەکەی، ئێرەیش بۆ پاراستنی هاتووین نەک تاڵانکردنی.

وتی: تۆ دەزانی ئێمە کێین؟

وتم: بۆم موهیم نییە ئێوە کێن، ئێوە بەلای منەوە دزن و تەواو.

وتی: تەواو...

وتم: بەڵێ تەواو، لێرەیش نەمێنن باشترە...

وتی: ئاخر پەشیمان دەبیتەوە...

کوڕەکان هەموویان دایان لە میلی کلاشینکۆف، ئەوانیش بەپەلە سواربوون و ڕۆیشتن.

کوڕەکانم کۆکردەوە و وتم ئەمانە ئەمڕۆ یان سبەی دێنە سەرمان، هۆشیاربن. تا سێ شەو هەر لەوێ خەوتم. شەوی سێهەم لە قۆڵێکی پەرژینەکەوە کردیانە تەقە، لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە ئامادەبووین، نزیکەی یەک کاتژمێر تەقە لەنێوانماندا بەردەوام بوو، کە دونیا ڕۆشن بوویەوە ڕۆیشتمە شوێنی تەقەکانیان لە هەردوو لاوە خوێن ڕژابوو... دروست سێ و شەش ڕۆژ لەوێ ماینەوە، گەیشتمەوە خزمەتی سەرۆک وتم: ئیتر ترسی تاڵان نەماوە، ئەگەر ئیجازە بدەیت لەوێ دەردەچین.

وتی: باشە لەوێ دەرچوو، بەڵام با کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان ئاگادار بن، هەروام کرد و نزیکەی بیست ئەدیبی عارەب و دووسێ کەناڵی تەلەفزیۆنیمان داوەت کرد، ئیتر ئەوێم تەسلیمی بڕێک لە کارمەندانی ئەوێ کرد. بەو شێوەیە تاقە دائیرەیەکی دەوڵەتی لە دز و تالان پارێزرا " دارولئافاقی عەرەبی" بوو، لەو ڕووەوە وەزیری ڕۆشنبیری (موفید جەزائیری) نامەیەکی سوپاسگوزاری بۆ سەرۆک نارد و نامەیەکیشی بۆ من نارد.

لەو کاتەدا کە دزی و تالان بە کاری ڕەوای خەڵکەکە دەژمێردرا، کورد توانی موئەسەسەکی ڕۆشنبیری بپارێزێت، نەهێڵێ تالان کرێت... بەندە ئەو نامەی تەشکووری وەزیرەم پاراستووە،

بەڵام دەمەوێ ئەوەی بڵێم بۆ ئەوەی دوای من ئەوی ئەگەر کەوتە بەر دزی کارمەندانی ئەوێ و هی گرووپەکانی دەرەوەی موئەسەسەکە، نەیخەنە سەر ئێمەی کورد... هاتم لستێکی تێکڕایم لەوێ ئامادە کرد، لە قۆری و پیاڵەوە بگرە تا سەر مەکائین و سەیارات و ڕۆڵەی کاغەز... بە شەش لە کارمەندانی ئەوێم ئیمزا کرد و کردمە (CD)یەک و ئێستایش پاراستوومە.

## هەڵگری تەمغەی سووری مەنع

نــزیکەی بیســـت ســـاڵ لە دەرەوەی وڵات ژیـــاوم، دەربەدەری و پەنابەری و بێوەتەنی و هەژاری و دەوڵەمەندیشم دیوە... ڕۆژگار هات و چوو لەبەر چەند ڕووداوێکـی سیاسـی ناچـاری گەڕانەوەی عێراق بووم و لە شـاری بەغـدا نیشـتەجێ بـووم... وەک زانـراوە ئەوانەی وەک من بە درێژایی سـاڵان لە دەرەوە ژیـابن و خـاوەنی قەڵەمی خۆیان بوون، جاروبار بۆ لاواندنەوەی دەروونی زەبـوون، هەڵبەسـتێک، چیرۆکێـک، ڕۆمانێـک دەنووسـێت، هـیچ کـویەش نەبووە تا بڵاوی کاتەوە.

لێـرەدا مەبەسـتم سـاڵی ١٩٦٦ بەسـەرەوە، لە دەرەوە گۆشــە و کەنـارێکی چـاپەمەنی کـوردی نەدەبینـرا، تـا نووسـینیت تیـا بڵاوکرێتەوە. بەندەیش کۆمەڵێک دەستنووسم لا کۆمەڵ بووبوون، بەتایبەت هەڵبەست دەفتەرێکم لەو شێوانە پێک هێنا و ناوم نا ـ " چاوە قـووڵە!" و پێشکەشـی ڕەقـابەم کـرد، بە ژمـارە (٣٩)ی مێــژووی ٢٣-٢-١٩٨١ ئەوە بە یەکەمــین تەقەلای خوســرەوجاف دەژمێردرێت بۆ لە چاپـدان... ئیتـر لەو تەمەن و هەواوهەوەسـی بە خاوەنبووی کتاوێکی لە چاپـدراودا دەژیـام، نـزیکەی مانگێـک

گوزەشت، دەفتەرەکەیان بۆ گێڕامەوە بە مۆری سوورەوە، کە مۆرکە وشەی "یمنع" لە چەقدا نووسرابوو.

ئەو هەمـــوو ســاڵە گوزەشـــتووە مـــن ئەو دەفـــتەری شـــیعرە قەدەغەکـــراوەم لەبیرچووبـــوو، تـــا بەزموبەرنـــامەی کۆڕۆنـــا، قەدەغەکردنــــی هــــاتوچوو، بە چــــاکم زانــــی چاوێــــک بە دەستنووسەکانم بخشێنم، هەروام کرد، بڕێک دەستنووسی خـۆمم دۆزییەوە نە لە بیرم مابوو، نە لە بەرنامەمدا، سـەردەم دەتـوانم بڵــێم بەشــی دە کتــاو دەکەن بــۆ لە چاپــدان، بەڵام دەفــتەرە شیعری " چاوە قووڵە" گەڕاندمیەوە بۆ ئەو سـەردەمە و ئەو ژان و نـا ئومێـدییەی وا هەسـتم پـێ کردبـوو، هەر لەو سـەردەمەیدا، دروســــت لە مێــــژووی ٢٤/٤/ ١٩٨١ز لە دوا پەڕەی هەمــــان دەفـــتەردا، دوو یادداشـــتم تیـــادا نووســـیوە، یەکەمیـــان ئەمەی خوارەوەیە:

من خوسرەوجاف، بە هیوایەکی زۆرەوە ئەم بەرهەمەم پێشـکەش کـرد تــا مــۆڵەتی لە چاپــدانی وەربگــرم، بەڵام داخەکەم کــاری ڕەوایـــان دەرهەق بە خـــۆم و هەڵبەســـتەکانم نەکـــرد، مـــۆری ســووریان لێــدا و قەدەغە کــرا. ئەم هەڵبەســتانە شــتێکی وایــان تیادا نییە تا ببنە مەترسییەکی گەورە بۆ دەسـتەڵات و دەوڵەت. ئەم هەڵبەسـتانە سـۆزێکن لە قـوژبنی تـاریکی دڵێکـی تەنهـا و

دەربەدەر هـــــاتووەتە دەرێ. نەوایەکە بـــــێکەس، ڕەوایەکە بە نـــارەواکراو، گریـــانێکە بە شـــەرم و ئـــارام و لەســـەرخۆ. زەردەخەنەیەکـی ڕچـاوی سـەر دوو لێـوی هەڵقرچـاوە، دڵـۆپی فرمێسکی گەرمی هەزاران چاوە، هیی خامەی کوردێکی بێنـاوە. لەم سـەردەمەیدا تەنهـا خـۆم لاوانـدووەتەوە، وەکـوو منـداڵێکی دایک هەڵگیراو، لایەلایەی غەمـم تیـا کـردووە، تـا فێـری سـەمای گومڕایم نەکەن و لە دواییشدا بکرێمە پەن.

ئەگەرچـی لە ژیانــدا زەرەر و ڕووداوی پـــڕ لە ناســۆرم دیــوە، سەختیی ژیان تلی نەداوم و هەروەک تـل و دەوەنـی وڵاتەکەم لە جێگەی خۆمدا وەک فکر ماومەتەوە، هیچ لافاوێک ڕای نەماڵیوم، ئەم بەرهەمە لەبـــارچووەم دەخەمە بەرچـــاوی ڕۆشـــنبیرانی میللەتەکەم، ئەمڕۆنا سبەی، سبەیەکە کەیە، نازنم!

٢٤/ ٤/ ١٩٨١.

**یادداشتی دووهەم:**

دەرکەوت ئەوی مۆری سووری "مەنع"ی لێداوە مامۆستا "مستەفا نەریمان"ـــــە، بەوەدا دەردەکەوێـــت ئەو بـــرادەرە بەتەواوی سەرســوبووردەی دامودەزگـای ئەمنییەکـانە و تەمـغەی سـووری مەنع لە گیرفانی مسـتەفا نەریمـانە، ڕووڕەشـی دونیـا و قیـامەت بی ئەی نامۆستا!




١٩٨١/٦/٥

جا خوێنەری ئازیز، بەندە ئەو دەستنووسە قەدەغەکراوە "چاوە قووڵە" بە تەمغە سوورەکانیەوە بە چاپ دەگەیەنم، ئەوانەی لە عومری مندا بن بە چاکی ئاگاداری ئەوە هەن کەوا مستەفا نەریمان مۆربەدەستی ئەمنی عێراقی بووە. باوەڕ ناکەیت بڕۆ لێیان بپرسە.

٢٧/ ٣/ ٢٠٢٠ز هەولێر

دارولسەقافەی کوردی لە شاری بەغدادا وە کەسانێکی کەی وەک من ئاگاداری کاروکردەوەی سالآنی دوای تەمەنی "مستەفا نەریمان" هەن، ماوەتەوە سەر ئەوەی مرۆڤ داوا لە پەروەردگار بکات ئاخری خێر بێت.

## ئەشێ و ئەفسانە!

سـاڵی سـێهەمی کـۆلیژی هـونەرە جوانەکـان بـووم لە تـاران، زاڵبووبـووم بەسـەر گرفتەکـانی زمـان نەزانـین و ژیـانی دوور لە دونیـای هـونەری... کارەکـانم نمـرەی لە پـلەی ناوەڕاسـت بەرزتربـوو. هاوکلاسـیەکم هەبـوو تـا خـوا حەز بکـات جـوان و نازدار، ناوی " ئەفسانە" بوو، بەڵام ئەوەندە شۆخ و شـەنگ بـوو بە شـازادەی کـۆلیژ نـاودەبرا. منـیش ئەو حەلە لە هەڕەتـی گەنجیەتیـدا بـووم، چـاوی زۆر لە کچـانی کـۆلیژم لەسـەر بـوو، ئەودەم بڕێک قـۆز و قیـت بـووم و جـوانترین سەیارەیشـم لەژێـرا بوو، بەڵام ئەفسانە لە زەرافەتدا ئەفسانەیەک بـوو بۆخـۆی و بـۆ ئێمەیش. لە ساڵی دووهەمدا ئاشناییەکی زۆرترمان پێکهێنا بـوو، ئیدی من و ئەفسان بووینە جێگەی ئێرەیی کوڕ و کچانی کۆلیژ. ئەفسـانە جـگە لە جـوانییەکەی خوێنـدەوار و ئەهلـی کتـاو بـوو، لەبەر ئەوەی کچـی پیـاوێکی دبلۆماتکـار بـوو چەنـدان سـاڵ لە پاریسـدا ژیـابوو... فەڕەنسـی و ئینگلیـزی بە باشـیی دەزانـی، ئەفسانە بوو منی ئاشنای بەرهەمی نووسـەرە گەورەکـانی ڕووس و ئەدەبیاتی ڕووسی کرد. منیش شـانم نـابووە خوێنـدنەوەی ئەو

به‌رهه‌مـــانه‌وه له رۆمـــان و شـــیعر و هه‌تـــاوه‌کوو کـــاروکرده‌وه هونه‌ریه‌کانیشه‌وه.

با ڕاستگۆبم ئه‌وه ئه‌فسانه بوو وای له من کرد به وردی ئاشنابم به ئه‌ده‌بیـــاتی ڕووســـی... ئه‌فســـانه منـــداڵی شـــاری تـــاران و په‌روه‌رده‌ی شاری پاریس و دونیـای پێشـکه‌وتووی ئه‌و زه‌مـانه و تـــازه جـــوانی و شۆخوشـــه‌نگی و خانمبوونه‌که‌یشـــی ســـه‌رباقی. رۆژێک هات و وتی: تۆ سبه‌ینێ بۆ نیوه‌ڕۆ له ماڵی ئێمه‌ی، وتم: با مه‌وزووعه‌که وا لێ نه‌که‌ین...

وتی: وای لێهاتووه دایک و باوکم لایان خۆشه بتناسن.

به‌هه‌رحاڵ، له کۆلیژ پێکه‌وه گه‌ڕاینه‌وه بـۆ ماڵیـان، هه‌ر له‌و دوو کاتژمێره‌ی دا بۆم ده‌رکه‌ت خێزانێکی خوێنده‌وار و ئه‌هلی کتاو و کتاوخـــانه‌ن، له مێوانخانه‌که‌یانـــدا کتاوخـــانه‌یه‌کی ده‌وڵه‌مه‌نـــد و ڕازاوه، جوانیی ده‌به‌خشییه مێوانخانه‌که...

باوکی ئافسانه ئه‌وه‌ی ده‌زانی من ئه‌هلی خوێنـدنه‌وه‌م، به‌تـایبه‌ت به‌رهه‌مـــی نووســـه‌رانی ڕووســـی، هه‌ڵســـا و نـــزیکه‌ی ده کتـــاوی ئوده‌بای وه‌رگێڕدراوی سه‌ر فارسی بۆ هێنام و وتی: که ئه‌وانه‌ت خوێنده‌وه بۆم بگێڕه‌وه، ئه‌وانه هـی سـه‌رده‌می گه‌نجیـی خـۆمن، هه‌روام کرد.

داستانی من و ئەفسانە باسی سەر زاری تەواوی قوتابییـانی نێـو کۆلیژ بوو. کۆلیژمان تەواو کرد، ئەفسانە ئاگـاداری ئەوەبـوو مـن و کچێکی ئـامۆزام لە منـداڵییەوە بـۆ یەک دەستنیشـان کـراوین. ئەو ئاگاداری کەلتووری بنەماڵەی من بە وردی هەبوو. لە کـۆلیژا هەر بە خـانزادە نـاوی دەبـردم. ئەوەیشـم لـێ نەشـاردبوویەوە چەندە ئەوم خۆشدەویٚ بەو ئەندازەیشە کچە ئامۆزاکەیشم خۆش دەوێت. لە ڕاستیدا لەگەڵ خۆمـا خـراپ وەگیـر هـاتبووم، ئەشـێ دەزگیرانی منداڵیم ئاگاداری پەیوەندی نێوان من و ئەفسانە بوو، بە هەوەسـی گەنجـانەی نـاو کـۆلیژی دەزانـی و لە خۆشەویسـتی خۆی دڵنیا بوو، نەمدەتوانی دەستبەرداری هیچ لایەکیان بم.

کۆلیژمـان تەواو کردبـوو لە سـاڵی ١٩٧٠مـن و ئەفسـانە هەر یەکترمـان دەدی، کـچە ئـامۆزام تـا خـوا حەز بکـات خـانم و لەسـەرخۆ و سـەلار بـوو، ئەویـش لە زانکـۆیەکی تـردا کـۆلیژی دووساڵ درەنگتر لە من تەواو کـرد، ئیـدی پێـوە نەمـابوو، بـاش بوو ئەفسانە پێشدەستی کرد و هات و وتی: بـا ئـێمە واقیعیـانە بیـر بکەیـنەوە پێـنج سـاڵ پـێکەوە لە کـۆلیژ بـووین (من، تـۆم خۆشـدەوێت!) پـێم خۆشـە ببمە هۆکـاری خۆشـبەختی تـۆ نەک بەدبەختی. تۆ لە ڕۆژی ئەوەڵەوە ڕاسـتت لەگەڵ منـدا کـردووە و درۆت لەگەڵ مندا نەکردووە، ئەمە ژیانە و دەبێ ئـێمە واقیعیـانە

بیربکەینەوە. تۆ کـوڕی فەرهەنـگ و کەلتـوورێکی تریـت، منـیش هی فەرهەنگێکی تر، من دەزانیم ئەوی دەیڵێم نە بۆخۆم ئاسـانە و نە بـۆ تـۆ، بـا لێـرەدا بیبـڕینەوە، ئەمە بـۆمن بڕیـارێکی دۆزەخیانەیە، بەڵام لەبەر خۆشەویستیم بۆ تۆ ئەو بڕیارەم داوە، بەڵام پەیمانێکت دەدەمێ هەرگیز لە یادت نەکەم و دە منداڵیشم بێـت پەیوەنـدی دۆسـتانەت لەگەڵ نەبـڕم، ئومێـدەوارم تـۆیش وا بیر بکەیتەوە!

ئەوانەی ئاگاداری عیشقی ڕاسـتەقینە بـن دەزانـن کەوتـوومەتە چ هەڵـدێرگایەکەوە، چـیم بەسـەر هـات و چـۆن ئەو سـەردەمەم گوزەرانـد. کـچە ئـامۆزام تـا لە کـۆلیژا بـووم پەیوەنـدی مـن و ئەفسـانەی بە زووگـوزەر دەزانـی و زۆر سـەختی لـێ نەدەگـردم، بەڵام کە کۆلیژم تەواو کرد، هەڵوێسـتی گـۆڕا، وتـی: تـا ئێـرە و بەس!

ساڵێک بەسەر ئەو دابڕانەیدا نە گوزەرابوو ئەفسـانە داوەتـی لـێ کردم بۆ ماڵی خۆیـان، کـوڕێکی گەنـج و قیتوقـۆزیش لەوێ بـوو بەنـاوی سـوهراب ئەفسـانە بە منـی ناسـاند و وتـی: ئەمە دەزگیـرانمە، سـوهراب لە دوورەوە بە باشـی منـی دەناسـی و ئەفسانە درۆی لەگەڵـدا نەکردبوو، بـۆیە وتـی: پێـتم نەوت وەک

دۆست هەمیشە پەیوەندیت لەگەڵا نابڕم، تۆ بۆ مـن ئـازیزێکی لە بیرنەچوویت.

بـاوکی ئەفسـانە دوو کـارتۆن کتێبـی ئەدەبـی ڕووسـی بە دیـاری دامیّ، ئێستا کە دەیانبینم ئەو ڕۆژەم هەرگیز لەبیر ناچێـت، ئەو کتاوانە بەشێکن لە تاڵی و شیرینیی ژیانم.

ئەفسـانە کە شـووی کـردە سـوهراب بۆشـاییەکەی مـن ئەشـێی دەزگیرانمی داوەت کرد، ئەشێ وتی: من نـایەم و تـۆ بـڕۆ، وا بە باش دەزانم بە تەنهایی بڕۆیـت باشـتر بێـت. شـەش مانـگ دوای ئەو شاییە ئێمەیش بووین بە ژن و مێـرد. واتـا لە سـاڵی ١٩٧١، ئێستا ئەشێ ئەوە حەوت هەشت مانگە کۆچیدوایی کـردووە، ئەو نیـوەی وا لـێم مـابوویەوە ئەشـێ بە کۆچیـدوایی کردنـی لەگەڵ خۆیدا بردی، ئەگەر بڵێم لەشم بێ ڕووح بووە، باوەڕ بکە.

دەمەوێ ئەوەی بڵێم ئەفسانە و سوهراب هاتوچووی ماڵی منیـان لە تـاران دەکـرد، ئەفسـانە بووبـوو بە یەکێـک لە دۆسـتەکانی ئەشێ، با ڕاستگۆبم.

من لە یەک کاتـدا دوو ئـافرەتم وەک یەک خۆشویسـتووە و درۆم لەگەڵ هیچ یەکیان نەکـردووە و هەر نەبـێ خـودا بۆخـۆی ئەوەی زانیوە. ئەفسانە نیوەی برد و ئەشێیش نیوەکەی تر، هـاتوومەتە سەر کوانووی خامۆش، ژیانێکی بێ ڕووح.

جارێک بە ڕێکەوت لە شەقامی شانزەلیزەی پاریسدا ئەفسانە و کچ و کوڕێکم لەگەڵیا دی، ڕووی کردە هەردووکیان و وتی: ئەمە ئەو کەسەیە وا خۆشمویستووە هاوکلاسیم بووە، باسم بۆتان کردووە، زانیم لەگەڵ مێردەکەیدا جیابووەتەوە لە دوای ئینقلابی خۆمەینی ئێرانی بەجێهێلاوە و نیشتەجێی پاریس بووە، چەندان جار پەیوەندی تەلیفۆنیمان بەردەوام بوو.

ڕۆژێک بە بەریدا بەستەیەک گەورەم پێ گەیشت، کە کردمەوە تەواویان ڕۆمانی فارسی نووسەرانی ئێرانی بوون، یادیان بەخێر ئەشێ ئازیزم و ئەفسانەی نازەنینم، ئەوە تەمەنم گەیشتووەتە ٧٦ساڵ و یەک مانگ، هەرگیز لە بیریان ناکەم، بەڵکوو ڕۆژانە لەگەڵیاندا دەژیم، بە ئومێدی دیدار.

٢١/٤/ ٢٠٢٠هەولێر

وەک دەبینی عەشقی کتاو.. تێکەڵی عیشقی ژیانمە و لە واقیعەتی ژیانم دوورنەکەوتووەتەوە، ئەو دونیا کتاوەی لە ماڵەکەم دایە هەر یەکە  لەو کتاوانە دەزانم لە کوێ سەندوومن. یان چۆن بەدەستم هێناون، حەیف تا ئێستا نازانم دوای خۆم ئەو هاواڵە دڵسۆزانەم چییان بەسەر دێت؟

گرفتەکە ئەوەیە هێندە زۆرن لە ٣٠ هەزار دانە زۆرترن. دەتوانم وەسیەت بکەم بیدەمە دەوڵەت، چوزانم زانکۆیەک، ڕێکخراوێک،

بەڵام دڵنیام پاراستنیان ئاسان نییە، دوای خۆم خودا ڕەحم بەو کتاوانە بکات.

## کتاوخانەکەی باوکمیان تالان کرد

پێنج شەش ساڵ دەبووم، یانی حەفتا ساڵ لەمەوبەر. ڕەفەی کتاوخانەکەم لە ماڵی خۆماندا دەدی، لە لادێیەکی وەک کەلاردا کە سەرجەم سەد و دوو ماڵ بوو. ماڵی خزمانم، ئامۆزار و کەسوکاری باوکم ئەوانیش وەک ئێمەە کەلارنشین بوون. ئەوەی بووبووە گرفتێکی عەقڵی منداڵیم، بۆچی لە ماڵی ئێمەدا ڕەفەی کتاوخانەی تیادایە، لە ماڵی خزمەکانی دیکەدا نین؟

لە بیرمە ئەو پرسیارەم لە خوالێخۆشبوو دایکم کرد، لە وەڵامدا هەر ئەوەندەی وت: ئەوان حەز لە کتێب ناکەن، ڕاستییەکەی وەڵامەکەی دایکم خراوتر گێژی کردم، بۆچی کتاو خواردنە حەزی لێ بکەن؟

دەی ساڵ گوزەرا، لە قوتابخانە قوڕینە سەرەتاییەکەی کەلاردا برامە بەر قوتابخانە، بە عارەبی وانەیان پێ دەوتین ( باب، بابان، موسی یرعی المعز). ئەوانەم لەبیرە پێنج شەش مامۆستامان هەبوو، هەمیشە زۆرترینیان تورکمان بوون.

هەر سەری ساڵێک کتاویان دابەش دەکرد و دەبوو خۆمان کتاوە تازەکانمان بەرگ کردبان، بەلای منەوە گرفتێکی گەلێک گەورە

بوو، پووریێکم هەبوو تۆزێـک دەسـت ڕەنگین بـوو، سـەد جـار لە دەوری دەگەڕام تـا کتـاوە تازەکـانم بە کـاغەز یـا بە ڕۆژنـامە کۆنەکـــان بەرگ بکـــرێ. هەر قوتـــابیەک کتاوەکـــانی لە بەرگ نەکردبا، لێدانی دەخوارد.

بە دروســتی لە پــۆلی شــەش وردە وردە کەوتــمە خوێنــدنەوە بـابەتی کـوردی زۆر بە دژوار، کتاوخـانەکەی بـاوکم پـڕ بـوو لە کتـاوی عـارەبی، فارسـی، کـوردی... هەڵـبەت کتـاوی کـوردی کەمتـر، چـونکە ئەو حەلە کتـاوی کـوردی کەمتـر چـاپ دەکـرا. گۆڤــاری گەلاوێــژ و ڕۆژنــامەی ژیــن و ژیــان و دوای شۆرشـــی چواردەی تەمووز بڕێک گۆڤاری کوردی کەوتنە بەردەست.

لە کۆڕی خوێندەوەیدا بەبێ مامۆستا کەوتبـوومە ڕێ، مـابوویەوە سەر نووسـین ئەویشـم دەسـتپێ کردبـوو، لە سـاڵی ١٩٦٠ چەنـد چیــرۆکێکم نووســی و لە ڕۆژنــامەی هەفتــانەی پێشــکەوتنی " عەرەبی/ کوردی" لە بەغدا دەردەچوو بەناوی " کاکەی جـاف"، بڵاو کردەوە.

کتاوخانەکەی باوکم چەندان جـار تووشـی گرفـت بـوو، لە سـاڵی ١٩٦٦دا برادەرانـی پەیـڕەوی مەکتەبـی سیاسـی کەلاریـان کـردە هەوارگەی خۆیـــان، مـــاڵی بـــاوکم لە کەلاردا نەمـــابوون، بەڵام ماڵەکەمان هەروەک خۆی مابوویەوە، کرابوویە "مەقەڕ".

بەندە ئەو دەم لە دەرەوە بووم، چەند ساڵێک دوای باوک و دایک و برا و خوشکەکانم لە تاراندا یەکمان گرتەوە. ئیتر کتاوخانەی باوکم وەک کتاوخانەیەکی گشتی لێ هاتبوو، چەندان خەباتکارانی دژ بە شای ئێران پەنایان بۆ بردبوو، مەکتەبی سیاسی لە کەلار گیرسابوویەوە، وەک پەیڕەوانی فیدائیانی خەلق و توودەی و بڕێک لە دیموکراتەکان. ئێمە زانیاریی ئەوەمان هەبوو کتاوخانەکەی باوکم تالان کراوە. لە تاران شەوێک ساواک هاتن و باوکمیان برد. ساواک (ئەمنی ئێران)، هەرکەسێکی گرتبا کەس نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن. ئێمەیش لە غەریب، غەریبتر بووین، کەسمان نەدەناسی تا لەو ڕووەوە هەواڵێکمان بداتێ. دوو ڕۆژ بەسەر گرتنی باوکماندا گوزەرا، ڕۆژی سێهەم باوکمیان هێنایەوە بۆ ماڵ.

دەرکەوت کتاوی مۆرکراوی کتاوخانەکەی باوکم کە مۆری باوکمی پێوە بووە لە یەکێک لە مەکۆکانی فیدائیانی خەلق لە شاری تاراندا بەدەست هاتووە، بە لای ساواکەوە جێگەی سەرسامی بووە کتاوی کتاوخانەی محەمەد سەعید جاف چی دەکات لە مەکۆی کۆمەڵەیەکی وا چەپگەرادا.

سەرەنجام باوکم باسی تالانکردنی کتاوخانەکەی بۆ ساواک گێڕابووبەوە، کە دەکرێ ئەو کتاوانە لە ساڵی ١٩٦٦دا بووبێت،

ئەگینا من هیچ پەیوەندیەکم لەگەڵ ئەو گرووپـانەدا نەبـووە و نە هەیشە.

مەبەسـتم لەم گێـڕانەوەیە بەنـدە لەگەڵ کتـاو و کتاوخانەیـدا گەورەبوومە... کتاو بڕێک گرفتاری بۆ باوکم و بەندەیش دروست کـردووە، بەلای بەنـدەوە ئەو گرفتـانەی کتـاو بـۆی دروسـت کردووم، مەبەستم لە نووسینیشە بەلامەوە لەزەتبەخشە و مایەی سەرفرازیمە، بە تەواوی ئازارەکانیەوە.

ئاخۆ کتاوخوێندنەوە و نووسین و هـونەر پـلە و پـایەیەک بـووە بـۆ مـن پـلە پـلە بەسـەر بـا تێپەڕبـووم و کەوتـووم و دیسـانەوە هەسـتاومەتەوە. ئیتـر ئەو کەوتـن و هەسـتانەوە بـۆ مـن لەزەتـبەخش بـووە، لە هەمـان کاتـدا سـازاندە بـووە، ئەو هەڵسوکەوتە فێری ململان و کۆڵنەدانی کردووم.

با ئەوەیـش بڵـێم هـیچ شـتێکم بە ئاسـانی بە دەسـت نەهێنـاوە، ئەگەر کەسـانێک لایـان وابـێ خوسـرەوجاف بە کەوچکـی زێـڕین نـانی خـواردووە فکرێکـی نـاڕەوایە و هەڵەیەکـی گـومڕایە بەو تۆمەتەوە ژیان وای لێ کردووم تا دوا هەناسـە کـۆڵنەدان بـکەمە پیشەی سەرتاسەری زیندەگیم.

وا پیربوومە و سەدان هەڵدێرگە و کوێرەڕێم بڕیـوە و پیـاچوومە. لەم تەمەنەیشـدا ئەوەی لـێم مـاوەتەوە لە ملمـلان و هەوڵ و




تێکۆشانی خۆمدا بەردەوامم، لاشم وایە ژیان بێ ململان، وەک خۆراکی بێتام و خوێ وایە.

تەواوی تەقەڵاکانی ئەوسام ئەورۆ هەوێنی ژیانمە...

١٠/٤/ ٢٠٢٠
شەوگاری دونیای پڕ لە هەرا و ترسی کۆڕۆنا
هەولێر

# من و خۆم

ڕەنگە من وا نەبم، بەڵام خۆمم ئاوایە، ئاشوفتەیە، پڕ لە هەرایە، بەگوێم ناکات و ئەوە من، منیەتی! هەمیشە بەزم و بەرنامەمی تێکەڵ کردووە، ئەوەسا ئەم چەند پارچە شیعرەی گونجاندە نێو ئەم کتاوچەوە.

هەرچی وتم کاکە وانابێ، بە ئاڵۆزییەوە وەڵامی دایەوە: لێگەڕێ تازە دەزانێ تۆ تۆیت و منیش منم!

تۆ سەت لاپەڕەت ڕەشکردووەتەوە، کەچی ناهێڵی چوار هەڵبەستم بڵاوبکەمەوە؟

دەمزانی ئەگەر بە گوێی نەکەم، دۆ و دۆشاوم لەگەڵدا تێکەڵ دەکات.

سەرەنجام وتم چیت لاباشە بیکە، ئەگەر بە دڵت نەبێ، ئەوە تاوانی من نییە، ئەوە ئەوە وای کردووە نەک من!

من

٢٠٢٠/٣/١٥

## لەعنەت

لام خۆشە لەو کتاوچەیەیدا " من و خۆم" ئەم هەڵبەستەی تیادا بڵاو بکەمەوە بەناوی " لەعنەت" ئاخر لام وایە هەر شاعیر و نووسەرێک، دێو و درنج و لەعنەتی خۆی هەیە.

لەعنەت بەپێی پێوەرە جیاکان برێکیان سازندەن و برێکیان ڕووخێنەر، بەندە هەردووکیانم بەرکەوتووە.

## لەعنەت

وەردی میحنەتم کێڵاوە
کەوڵی خۆمم جێهڵاوە
بەڵێ ئاوا و بەڵێ وانا!
ئەوە قەینا!
ئەوی سەرالێژی کردم
ئەوی بەم بنبەستەی بردم
عەقڵ و هۆش و تێفکرینمە
شێوەی ژینمە
جۆری دینمە
نابینی هەڵکەنراوم لە ڕیشەم
سەمای غەباوەتە پیشەم
ئەوە لەعنەتی زەمانە
کەوا سادەنی بتخانە
مەست و مەدهۆشی خۆیەتی
کەی غەمی من و تۆیەتی

٢/ ٨/ ٢٠١٨

# مۆم

منداڵ بووم خەم هات و گەورەم کرد، لەگەڵ خۆما پێکەوە بووین، من ئەو وەکوو ئاگر لەگەڵ مۆما کاری خۆی کردووە سووتان لە لەش و ڕوخسار و ڕووما هەنگاوم نامەوزوونە لێڵ و تارە گڵێنە و سوما.

٢٠١٧/٩/٢٨

## دۆزەخی تێگەیشتن

نوقمم لە تاڤگەی تاوانا

ململانمە لە مەعرەکەی لێدوانما

لە هەوارگەی بوونی خۆما

زۆر نەشیاوم لابووە بە باو

کەپکە و داو

رۆحی تاوان، قۆچی ڕووداو

خەوی نەفرینلێکراو

ئەوی زەرافەتە

لەناوچووە بەو وەباو و ئافاتە

ئیتر نەفرەتی هۆشیاری و دۆزەخی تێگەیشتن

نامترسێنێ!

ئیتر کەنینی گرژ و گێلانە نامدوێنێ

ئیتر تاریکی تینۆ نامخواتەوە

**گێلانە چڵی دوودڵی بمهێنی و بمباتەوە**

**چاویلکەی چاوەڕوانی دەشکێنم**

**دەیخەمە ژێر پێم**

**لەپی سەرگەردانم بۆ هیچ کەس لەسەر سنگم دانانێم**

**ئەوە منم نامەوێ لەبیر بچمەوە**

**ئەوە منم دووبارە لە دایک بوومەوە**

**٢٠٠٠**
**بەغدا**

## سەرانە

لەش و لارت دەکـــــرێتە ســــــەرانەی شـــــارێ
عیشق چەتری دووکەسییە قەینا بارانیش ببـارێ

٢٠١٦
هۆڵەندە

# فەنا

دەخولێمەوە، دەخولێمەوە
وەکوو زامێک دەکوڵێمەوە
لە عیشقا فێری سەما بووما
بە ڕۆژ و شەو بە غەیری ئەو
بێ عیشقی ئەو من تیاچوومە
ئەوی فکرە، ئەوی زیکرە
من لە مورشیدم فێربوومە
ئەگەر کەوڵم بەلاوە نا
ئەگەر عیشقم بۆ خوا دانا
ئەو دەم لە زیندان بەربوومە
ئەگەر من کۆشکی وێرانم
ئەگەر پاشماوەی وژدانم
ڕێگەی هەقە من پیاچوومە
ئەگەر شەیدا و پەریشانم
ئەگەر لەوسام پەشیمانم
چ دۆزەخێکە تیا بوومە؟
ئەگەر من ئیمشەو مەلوولم

لە بـــــاهۆزی عیشـــــقا لــــــوولم

مەســـتی بـــادەی خـــودا بـــوومە

مـــــن ئەوێـــــرم و نــــــاوێرم

پەیکـــــی هەقـــــیقەت بنێــــــرم

مـــن لە عیشـــقا فەنــــا بـــوومە

مونیخ ٢١/١١/ ٢٠١٦مونیخ

لە بیمارستاندا بووم




## دێوانە

دەبڵێ دەی، بۆ لە منی دێوانە بێ خەبەری
نەمزانی تۆی دێوانە لە منی دێوانە، دێوانەتری
بە دوای هەقتدا ئاشوفتە پەیوەستە لەسەفەری
ئەشهەدو تۆ لە من دێوانەتری!
کوچەی عاشقان تەنها تۆی تیا ناگوزەرێ
دیارە لە تەڵبەنی خۆتا دەستبەسەری
ژانی عیرفان ژاناوییە نمایانە ئێش و ئەسەری
ئەشهەدو تۆ لە من دێوانەتری
دەردی هۆشیاری کوشتمی سەد خۆزگە لە بێ خەبەری
دەردەکە وا گیرە، دەزانم تۆیش لە خۆشی بێ وەری
دەوای ئێمە ڕەزای خوایە ڕەوایە دۆزەخ و مەحشەرێ
ئەشهەدو تۆ لە من دێوانەتری.

---

ئەم هەڵبەستەم بۆ هاوڕێیەکی سۆفی سیفەتم نووسیوە، دەمێک بوو هەواڵیم نەدەزانی.

١٥/٦/ ٢٠١٩
هەولێر

## ئەشێ
## (١)

ئازیزەکەم مەپرسە چۆن

وەرە ناو هەناومەوە وەکوو بۆن

وەرە ناو چاومەوە وەکوو خەو

وەکوو ڕەنگ

وەرە ناو گوێمەوە وەکوو نەوا

وەکوو دەنگ

وەرە سەر زمانم وەکوو چێژ

وەکوو شام

ئیدی خوایە بە لاتەوە ڕەوایە

ئەو دەنگ و ڕەنگ و چێژەم لێ بسێنی

بە ڕەحمەتێک نەمدوێنی؟

ئەوی درەنگ و زووم هەیە

ئەوی دەمارە مۆم هەیە




له درێژایی شەوا نغرۆیه له فكری ئەوا

گلاراومه شان به شان

دەتلێمەوه

چركه به چركه وەكوو زامێك

دەكوڵێمەوه.

---

ئەشێی خێزانم له مێژووی ۲/۷/ ۲۰۱۹بێ ئەوەی هیچ نەخۆشییەكی هەبێت به بەرچاومەوه له ماوەی دوو خولەكدا كۆچی دوایی كرد، ئەوی سەفای خێزانیم بوو لەگەڵ خۆیدا بردی، ئەمه یەكێكه لەو هەڵبەستانەی بۆیم نووسیوه.

۲۰۱۹ /۸/۱۰
هەولێر

## ئەشێ
## (٢)

ڕوو لە هەر کوێ دەکەم نامۆیە لام

خاوە گوڕم، بێ هێز و توانایە هەردوو پام

دیارە ئەمە سەرەتای ئاوارەگیمە

ئەوی گەلێک ئازیزم بوو، ئێستا نیمە

لە قەتڵگادا بارگەم خستووە

نەهات زۆرن، بە نوورە کەمەری مەرگمیان بەستووە

کوا ئەشێ خان تۆزێک بملاوێنێتەوە

بڵێ: باوەڕ ناکەم هەرگیز منت لەبیر بچێتەوە..

٢٠١٩/٨/٢١
هەولێر

## ئەشێ
## (٣)

تۆ کەی وەک من مەمکی مەئیووسیت مژیوە
کەی تۆێڵی نەزۆکت بە گریانەوە سڕیوە؟
من پای زاماری
کەوشی پڕ بزماری
بۆنەهاتم لە تلی خەجاڵەت هەڵکەوتووە
لەش و زاتم
لە پێخەفی هەقیقەتی نەخۆشا نووستووە.
ئەوانەی لە عیشقا بێ سەوادن
خواجەی حەڕەمسەرای ڕازن
کەی وەک من لەگەڵ ئێشا دەمسازن
کەی وەک من شەهیدی تەقینەوەی دوو لێون
کەی وەک من دێوانەی دەشت و کێون
من لە چاڵی تاریکییا لە بێ ڕەنگیا
لە بێدەنگیا

لە سارد و گەرمی تابووتا

ناخم بڵێسەی سەند و سووتا

تاپووی یادی بە دیواری هیجرەتەوە هەڵواسیوە

پەیژەی تاوانی داناوە

پەلکەی پەیوەندی بڕیوە

چی بکەم هاوار نازدارانە بۆ گفتاری

خانمانە بۆ ڕەفتاری

ڕۆیشت... پەرچەمی حوزنی بەخشیوە

توخوا با نەزانێت ئەوی بووە بە پاشماوە

گەردەلوولی تەمەننایە

خۆڵەمێشی تەقالآیە

---

ئەشێ دەزانێ شێوەکانم بێ دەنگن لاواندنەوەیەکی تراژیدیانەی بە هەقە، پەرچەمی لەشکرێکی بەزیوە، چاوساغان و یاساوڵەکانی حوزن ڕای دەوەشێنن.

بۆخۆیشم دەزانم تەقەلاکانم نەزۆکن، ئەمما ڕێخۆشکەری دیداری هەتا هەتایین بە ئومێدی ئەو ڕۆژە.

٢/ ٥/ ٢٠٢٠




## پڕۆتستات

شاران گەڕام لەندەن و مونیخ و ڕۆما
درەنگ بوو زانیم خۆمە وێڵم بە دوای خۆما
ئەو دەرگانەی لێم نەداوە
ئەو سوێنانەی بۆم نەخوراوە
ئەو کارانەی بۆم نەکراوە
لۆژ لۆژی دەڕۆم بە دوایانا
ئەوان گورجن، منیش ناگەم بە پایانا
دەستیان بۆ ڕادەوەشێنم
فریشتەی مەرگە دەیدوێنم

---

تووشی شێرپەنجەی پرۆتستات هاتبووم لە یەکێک لە بیمارستانەکانی شاری "مونیخ"ی ئەڵمانیدا، بەسەر جێگەوە ئەم هەڵبەستەم نووسیوە.

٥/٥/ ٢٠١٣

مونیخ

# خوسرەو جاف

لە مێــــژوی ٢١-٣-١٩٤٥ یــــانی شــــەوی نەورۆز لە دێـــــی کەلار هاتووەتە دونیاوە و سەرەتایی هەر لەوێ تەواو کردووە .

ناوەندی و سانەوی لە شاری خانقین و بەغدا تەواوکردووە.

لە زانکۆی تاران کولێژی هونەرەجوانەکانی (رشتەی میعماری) تەواوکردووە هەر لەوێ ماجستێری وەرگرتووە.

لە ســــاڵی ١٩٦٣ رۆیشــــتووەتە ریــــزی پێشــــمەرگەوە و هەر لە گەرمیاندا لە پێشمەرگایەتیدا گەیشتووتە پلەی سەر لقی.

نزیکەی بیست ساڵ لە دەرەوە وەک پەنابەرێک ژیاوە.

تا ئێستا حەفتاو دوو کتاوی جۆراجۆری لە چاپ دراوە برێک لەو کتاوانە چەندان بەرگن.

خوسرەو جاف بە خاوەنی یەکەمین دائیرەتولمعاریف دەناسرێت لە عێراقـدا کە لە سـاڵی ١٩٨٩ یەکەمـین بەرگـی لە چـاپ دراوە ئێستا بەرگەکانی گەیشتونەتە ٢٣ بەرگ.

دوای هەرۆژانــــی ڕژێمــــی ســــەدام لە سەرتاســــەری عێراقــــدا ١٠٠ کەسیان هەڵبژارد بە نۆێنەرایەتی گەلانی عێـراق یەکێـک لەو ١٠٠ کەسە خوسرەو جاف بووە.




لە دەورەی دوهەمـــی پەرلەمـــانی عێراقـــدا دیســـان بە نـــوێنەر هەڵبژێردراوەتەوە.

چەنـــدان خەڵات و گـــروەی ئەدەبـــی و میعمـــاری لە دەرەوەو و ناوەوەی وڵاتدا پێ بەخشراوە.

خەڵاتـــی دوکتـــورای لە زانکـــۆی کـــامبریج وەرگرتـــووە، کە بە کـــۆنترین زانکـــۆی سەرتاســـەری جیهـــان دەژمێردرێـــت، هەروەهـــا باڵابەرزترین زانکۆی زانستی جیهانە.

خەڵاتی دوکتورای زانکۆی ئاکادیمی ئەمریکی پێ بەخشراوە.

لە ساڵی ٢٠١٣ خەڵاتی جواهری بۆ ئەدەبیات پێ بەخشـرا کە بە بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی عێراق دەژمێردرێت.

مەدالیـــای زێرینـــی ئەدەبیـــاتی یەکێتـــی نووســـەرانی عێراقـــی پـــێ بەخشرا کە وێنەی خۆی لە سەر میدالیەکە نەخشێنراوە.

چوار سەدو هەشتا ئەندازیاری تەلارسازی رۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتە عەرەبەکـــان لە پێشـــبڕکێی میعمـــاری دا بەشـــدا بـــوون بـــۆ پـــــرۆژەی مۆنـــــۆمێنتی شـــــەهیدانی کوردســـــتان کە دیـــــزاینەرو ئەنجامدەرەکەی خوسرەو جاف بوو بە دوهەم دەرچوو.

خوسـرەو جـاف ژمـارەیەکی زۆری پـەیـکـەری دروسـت کـردووە لە ماڵـەکەی دا بە بەر چاوی خستوەو ماڵـەکەی وەک مۆزەخانەیەکی تایبەتی و نەتەوایەتی لێهاتووە.

سەرئەنجام بەرگ و دیزاینی هەر حەفتاو دوو کتاوە نوسراوەکانی بۆ خۆی نیگارەکانی کێشاون.